# ناميلكەيەک سەبارەت بە جۆرەكانی خوێنی سروشتی ئافرەتان

بەپێنووسی ڕێزدار عەلامە شێخ
موحەمەد ئیبن صالح ئەلعوثەیمین
خوای گەورە لە خۆی ودایک وباوکی خۆش بێت
*

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونتوب إليه،ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سيّئات أعمالنا.من يهده الله فلا مضلّ له، ومن يضلل فلا هادي له،وأشهد أن لا إله إلّا الله وحده لا شريك له،وأشهد أنّ محمدًا عبده ورسوله،صلّى الله عليه وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسانٍ إلى يوم الدّين، وسلّم تسليمًا.

پاشان: ئەو خوێنەی تووشی ئافرەتان دەبێت كە خوێنی سوڕی مانگانە وئیستیحازە وزەیستانیە، لە بابەتە گرنگەكانە كە وا پێویست دەكات ڕوون بكرێتەوە وحوكمەكانی بزانرێت، وهەڵە لە ڕاست جیا بكرێتەوە لە قسەی زانایان سەبارەتی،وبۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی پەسەندە وئەوەی لاوازە پێویستە پێوەر ئەوە بێت كە لەژێر ڕۆشنایی قورئان وسونەتدا هاتووە.

1- چونكە دوو سەرچاوەی سەرەكین كە حوكمەكانیان لەسەر دادەمەزرێت ؛ ئەو حوكمانەی پەرستنەكان وتەكلیفەكان -ئەركە شەرعیەكانیان- پێ ئەنجامدەدرێت.

2- چونكە پشت بەستن بە قورئان وسونەت ئارامیە بۆ دڵ، وهۆكاری سینە فراوانی، وهێوەری نەفسە، وهەروەها گەردن ئازاد كردنە لەهەر لێپرسینەوەیەک.

3- جگە لە قورئان وسونەت ؛ پێویستە بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە نەوەک بكرێتە بەڵگە لەخودی خۆیدا.

تەنها قسەی خوای گەورە -سبحانە وتعالی- و قسەی پێغەمبەرەكەی بەڵگەن، وهەروەها قسەی زانایان لە هاوەڵان بەپێی ڕای پەسەند ؛ بەمەرجێک شتێک نەبێت لە قورئان وسونەت پێچەوانەی ئەو قسەیە بێت،وقسەی هاوەڵێكی تر نەبێت كە پێچەوانەی بێت، ئەگەر شتێک هەبێت لە قورئان وسنەت پێچەوانەی بێت ئەوا واجبە دەست بگیرێت بەوەی لە قورئان وسونەتدا هاتووە،وئەگەر قسەی هاوەڵێكی تر هەبێت كە پێچەوانەی بێت ئەوا دەبێت پەسەندترینیان هەڵبژێردرێت،لقوله تعالى: {فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلا } [النساء:59]. چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلا) واتە: (خۆ ئەگەر لە شتێكدا بوو بەكێشەتان دەربارەی حوكمی خوایی، ئەوە ئەو كێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەكەی (صلى الله عليه وسلم) (كە قورئان و سوننەت دەگەیەنێت)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو بە ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتاركردنتان) بەو شێوەیە چاكترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری كێشەكانتان) [النساء:59].

وئەمە پەیام وناميلكەیەكی پوختە لەوەی پێویستە بزانرێت لە جۆری ئەو خوێنانە وحوكمەكانیان، ولەم بەشانە پێكهاتووە:

- بەشی یەكەم: مانای سوڕی مانگانە -حەیز- وحیكمەتی.
- بەشی دووەم: كات وماوەی سوڕی مانگانە.
- بەشی سێیەم: گۆڕینی نائاسایی لە سوڕی مانگانە.
- بەشی چوارەم: حوكمەكانی سوڕی مانگانە.
- بەشی پێنجەم: ئیستیحازە وحوكمەكانی.
- بەشی شەشەم: زەیستانی -نیفاس- وحوكمەكانی.
- بەشی حەوتەم: بەكارهێنانی ئەو شتانەی دەبنە ڕێگر لە ڕوودانی سوڕی مانگانە یان هێنانی، وئەو شتانەی دەبنە ڕێگر لە سكپڕبوون یان لەباربردنی سک.

*

# بەشی یەكەم: مانای سوڕی مانگانە -حەیز- وحیكمەتی.

وشەی (حەیز) لەزمانی عەرەبیدا : بەمانای لەبەرڕۆیشتن وچۆڕان دێت.

وله شەریعەتدا: خوێنێكە تووشی ئافرەتان دەبێت بەهۆی سروشتیانەوە بەبێ هیچ هۆكارێک لە ماوەیەكی دیاریكراودا، خوێنێكی سروشتیە و بەهۆی نەخۆشی وبرین وكەوتن ومنداڵبوونەوە نیە، و لەبەرئەوەی خوێنێكی سروشتیە بۆیە جیاوازە بەپێی حاڵ وژینگە وكەشوهەوای ئافرەتەكە؛ بۆیە ئافرەتان تێیدا بەڕوونی جیاوازن.

وحیكمەت سەبارەت بە سوڕی مانگانەی ئافرەتان ئەوەیە: كاتێک منداڵ لە سكی دایكیدا ناتوانێت خواردن بخوات بە ئەو خواردنەی لە دەرەوی سكی دایكی دەخورێت، تەنانەت ئەوانەی بەرەحمترینن بەرامبەری ناتوانن خۆراک بگەیەنن پێی، بۆیە خوای گەورە -سبحانە وتعالی- هەندێک دەرداوی خوێنی لە ئافرەتدا داناوە بۆئەوەی بەهۆیەوە منداڵەكە خۆراک وەربگرێت لە سكی دایكی بێ ئەوەی پێویستی بە خواردن وهەرسكردن هەبێت، بۆیە خوێنی سوڕی مانگانەی ئافرەتان لە ڕێگەی ناوكی دایكەوە دەچێتە نێو دەمارەكانی كۆرپەلەكە وخۆراک وەردەگرێت، پاک وبێگەردی بۆ پەروەردگار باشترین خوڵقێنەر.

ئەمە حیكمەتە لەم سوڕی مانگانەیە؛ بۆیە ئەگەر ئافرەت سكپڕ بێت ئەوا سوڕی مانگانەی دەپچڕێت، وتووشی حەیز نابێت مەگەر بە نادری نەبێت، وهەروەها ئەو ئافرەتانەی شیر دەدەن كەمێكیان تووشی سوڕی مانگانە دەبن بەتایبەت لەسەرەتای ماوەی شیرپێداندا.
*

# بەشی دووەم: كات وماوەی سوڕی مانگانە.

لەم بەشەدا باسی دوو خاڵ دەكەین:
یەكەم: ئەو تەمەنەی ئافرەت تێیدا تووشی سوڕی مانگانە دەبێت.
دووەم: ماوەی سوڕی مانگانە.

خاڵی یەكەم: ئەو ساڵەی كە تێیدا زۆرینەی ئافرەت تووشی سوڕی مانگانە دەبێت لەنێوان تەمەنی دوانزە بۆ پەنجا ساڵییە، ولەوەیە ئافرەت پێش ئەم تەمەنە یان لەپاشی تووشی سوڕی مانگانە ببێت بەپێی حاڵ وژینگە وكەشوهەواكەی.

وزانایان -ڕەحمەتی خوای لێبێت- ناکۆکن سەبارەت بەوەی ئایا تەمەنی هاتنی سوڕی مانگانە بۆ ئافرەت دیاریکراوە بەشێوەیەک ئافرەت لەو تەمەنەدا لە پێشی یان لەپاشی تووشی سوڕی مانگانە نابێت، وئەوەی لەپێشی یان لەپاشی دێت خوێنی نائاساییە وسوڕی مانگانە نیە؟

زانایان ناکۆکن لەمبارەیەوە؛ دارمی -پاشی ئەوەی ناکۆکیەکانی باسکردووە- دەڵێت: هەموو ئەمانە لای من هەڵەن ! چونکە لەڕاستیدا ئەوەی تەنها بەهەند وەردەگیرێت بریتیە لە بوونی خوێن، هەرکاتێک خوێنی سوڕی مانگانە هەبوو لەهەر حاڵەت وتەمەنێکدا ئەوا واجبە بە خوێنی سوڕی مانگانە دابنرێت، وخودا زاناترە.

وئەم قسەیەی دارمی دەیڵێت پەسەند وڕاستە، وبژاردەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیەیە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، هەرکاتێک ئافرەت خوێنی سوڕی مانگانە ببینێت ئەوا حەیزدارە، ئەگەرچیش تەمەنی لە نۆ ساڵ کەمتر یان زیاتر بێت لە پەنجا ساڵ،چونکە حوکمەکانی سوڕی مانگانە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی پەیوەستیان کردووە بە بوونی خوێن، وخوای گەورە وپێغەمبەرەکەی هیچ تەمەنێکیان بۆی دیاری نەکردووە، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کاتی بوونی کە حوکمەکانی پێوە بەستراوە، ودیاریکردنی تەمەنێک پێویستی بە بەڵگەیە لە قورئان وسونەت وهیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەمە نیە.

بەڵام خاڵی دووەم: ماوەی سوڕی مانگانە ؛ واتا ئەو ماوەیەی تێیدا ئافرەت تووشی سوڕی مانگانە دەبێت.

زانایان زۆر ناکۆکن لەمبارەیەوە لەسەر شەش یان حەوت ڕا، ئیبن مونزیر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: کۆمەڵێک وتوویانە ؛ کەمترین و زۆرترین ڕۆژ بۆ سوڕی مانگانە دیاری نەکراوە.

دەڵێم: وئەم وتەیە وەکو وتەی دارمیە کە پێشتر باسی کرد، وئەمیش ڕای شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیەیە، وڕایەکی پەسەندە ؛ چونکە قورئان وسونەت وسەرەنجامی بەرچاو ئاماژەیان بۆ کردووە.

بەڵگەی یەکەم:قوله تعالی: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ} [البقرة:222]، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ) واتە: ((ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی (عادەتی مانگانەی ئافرەت) پێیان بڵێ: ئەوە ئازارو زەرەرە، کەوابوو خۆتان بە دوور بگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن و نزیکیان مەکەون تا پاک دەبنەوە) [البقرة:222]،خوای گەورە ماوەی قەدەغەیی جووتبونی لەگەڵ خێزان دیاری نەکردووە، وماوەکەی دانەناوە بە چەند شەو وڕۆژێک ؛ بۆ نمونە سێ یان سیانزە ڕۆژ، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هۆکاری حوکمە کە سوڕی مانگانەیە بە بوونی یان نەبوونی،بۆیە هەرکاتێک سوڕی مانگانە بوونی هەبێت ئەوا حوکمەکانیشی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، وهەرکاتێک لێی پاک بێتەوە ئەوا حوکمەکانی لەسەر لادەچێت.

بەڵگەی دووەم:وهاتووە لە سەحیحی [مسلم] کاتێک عائیشە تووشی سوڕی مانگانە بوو لە حاڵەتی ئیحرامدابوو ، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: «ئەوەی حاجیان دەیکەن تۆش ئەنجامی بدە جگە لەوە نەبێت تەواف مەکە بە دەوری کەعبە هەتاوەکو پاک دەبیتەوە»، دەڵێت: کاتێک ڕۆژی قوربانی بوو ؛ پاک بوومەوە، هەتاوەکو کۆتایی فەرموودەکە.

ولە هەردوو سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: «چاوەڕوان بە ئەگەر پاک بوویتەوە ؛ بەرەو تەنعیم بڕۆ»، بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کۆتایی قەدەغەکردنی بەستەوە بە پاکبوونەوە لە سوڕی مانگانە، وماوەیەکی دیاریکراوی بۆ دانەنا، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حوکمەکە پەیوەستە بە سوڕی مانگانەوە بە بوونی یان نەبوونی.

بەڵگەی سێیەم: ئەم مەزەندە و وردەکاریانە کە باسکراوە لەلایەن فەقیهەکانەوە لەم مەسەلەیەدا بوونی نیە لە کتێبی خوای گەورە -سبحانه وتعالی- وبوونی نیە لە سونەتی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ئەگەرچیش پێویست دەکات ڕوون بکرێتەوە،ئەگەر شتێکی واجب بووایە لەسەر بەندەکان تێی بگەن وپەرستنی خوای گەورە بووایە ئەوا خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیان دەکردەوە بۆ هەموو یەکێک؛ بەهۆی گرنگی ئەو حوکمانەی پەیوەستن پێوەی لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن وسەرجێیی کردن  وتەڵاق ومیرات وهتد لە حوکمەکان،هەروەکو چۆن خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ژمارەی نوێژەکان وکاتەکانیان وڕکوع وسوجدەکانیان ڕوون کردووەتەوە،وزەکات: سامانەکان وبڕی دیاریکراو بۆ ئەوەی زەکات فەرز بێت وبڕەکەی وئەوانەی شایستەن پێیان بدرێت، وڕۆژووگرتن: ماوەکەی وکاتەکەی، وحەج وهتد لە پەرستنەکان ومامەڵەکان،تەنانەت ئەم شتانەیش کراوە: ئادابەکانی خواردن وخواردنەوە وخەوتن وجووتبوون ودانیشتن وچوونە ماڵ ودەرچوون لێی، وچوونە سەر ئاو، وتەنانەت ژمارەی جارەکانی خۆپاککردنەوە بەبەرد باسکراوە، وجگە لەمانە لە ورد ودرشتی شتەکان، لەو شتانەی خوای گەورە ئاینی پێ کامڵ کرد، ونیعمەتی خۆی بەخشی بە ئیمانداران.کما قال تعالی {وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ } [النحل:89]، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ) واتە: (وقورئانیشمان بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە) [النحل:89]،وقال تعالی: {مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ } [یوسف:111]. وهەروەها دەفەرموێت: (مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ ) واتە: (وە نەبێت ئەم قورئانە قسەو باسێك بێت هەڵبەسترابێت، بەڵکو بەڕاست دانەری ئەوەیە کە لە پێش خۆیەوە هاتووە (تەورات و ئینجیل) و ڕوونکەرەوە و جیاکردنەوەی هەموو شتێکی پێویستە لەئایندا) [یوسف:111].

کاتێک کە ئەم مەزەندە و وردەکاریانە باس نەکراون لە قورئان وسونەت ؛ ئەمە بەڵگەی ئەوەیە هیچ بەهەند وگرنگ وەرناگیرێن، بەڵکو ئەوەی بە گرنگ وەردەگیرێت بریتیە لە سوڕی مانگانە کە حوکمە شەرعیەکان پێوەی پەیوەستن ئەگەر ئافرەت تووشی هاتبێت یان تووشی نەهاتبێت،وئەم بەڵگەیە -مەبەست ئەوەیە-: باس نەکردنی حوکمی لە قورئان وسونەتدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەهەند وەرناگیرێت -ئەمە بنچینەیەکە سوودی دەبێت لەم بابەتە ولە بابەتی زانستی تریشدا-؛ چونکە حوکمە شەرعیەکان تەنها بە بەڵگە لە شەریعەتەوە (لە قورئان یان سونەت) جێگیر دەکرێن وبڕیاریان لەسەر دەدرێت یان یەکدەنگی زانایان یان قیاسێکی دروست.شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە لە بنچینەیەکیدا دەڵێت: «هەمان شت دەووترێت سەبارەت بە سوڕی مانگانە -حەیز- ؛ خوای گەورە زۆر حوکمی جیاوازی پێوە بەستووە لە قورئان وسونەتدا، وماوەیەکی دیاری نەکردووە بۆ زۆرترین وکەمترین ڕۆژ، وهەروەها ماوەی پاکێتی دیاری نەکردووە لە نێوان دوو سووڕی مانگانە ئەگەرچیش زۆر پێویستە لەلایەن مسوڵمانانەوە، بۆیە هەرکەسێک ماوەیەک دیاری بکات ئەوا پێچەوانەی قورئان وسونەت وەستاوە».

بەڵگەی چوارەم: لێکدانەوەی ڕاست، واتا: قیاسی -پێوانی- دروست، چونکە خوای گەورە وەسفی سوڕی مانگانەی کردووە بەوەی ئازارە، بۆیە هەرکاتێک سوڕی مانگانە هەبوو ئەوا ئازار هەیە، وجیاوازی نیە لەنێوان ڕۆژی یەکەم ودووەم، وبەهەمان شێوە لەنێوان ڕۆژی چوارەم وسێیەم،وجیاوازی نیە لەنێوان ڕۆژی شانزەیەم وپانزەیەم، وهەروەها لەنێوان هەژدەیەم وحەڤدەیەم،سوڕی مانگانە سوڕی مانگانەیە وئازار ئازارە، هۆکارەکان بوونیان هەیە لە هەردوو ڕۆژەکەدا بەیەکسانی، ئیتر چۆن دەکرێت جیاوازی بکرێت لەحوکمدا لەنێوان ئەو دوو ڕۆژە ئەگەرچیش لە بوونی هۆکارەکەدا یەکسانن؟ئایا ئەمە پێچەوانەی قیاسی دروست نیە؟ ئەگەر بڵێین هەردوو ڕۆژەکە یەکسانن لە حوکمدا چونکە لە هۆکاردا یەکسانن؟

بەڵگەی پێنجەم: جیاوازی ڕای ئەوانەی ماوەکەیان دیاریکردووە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە مەسەلەکەدا بەڵگەیەک نیە کە سەرەنجام بۆ لای بگەڕێینەوە، بەڵکو چەند حوکمێکی ئیجتیهادیە لەوەیە تووشی هەڵە یان ڕاستی بێت، هیچ یەکێکان لەپێشتر نیە بۆ شوێنکەوتنی دوور لە ئەوانی تر، وسەرچاوە -مەرجەع- لەکاتی ناکۆکی دەبێت قورئان وسونەت بێت.

که ڕوون بوویەوە بەهێزی ئەو ڕایەی دەڵێت: کەمترین وزۆرترین ماوە نیە بۆ سووڕی مانگانە، وڕای پەسەندە وبزانە هەرشتێک ئافرەت ببینێت لە خوێنی سروشتی کە هۆکارێکی نەبێت وەکو برین وشتی تر ئەوا خوێنی سوڕی مانگانەیە بەبێ دیاریکردنی ماوەیەک یان تەمەنێک مەگەر بەردەوام لەگەڵ ئافرەتەکە بێت ونەپچڕێت یان ماوەیەکی کەم بپچڕێت وەکو ڕۆژێک یان دووان لە مانگدا، لەم حاڵەتەدا خوێنی ئیستیحازەیە،و -إن شاء الله تعالی- خوێنی ئیستیحازە ڕوون دەکەینەوە لەگەڵ باسکردنی حوکمەکانی.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت: وبنچینە لە هەموو شتێک لە ئافرەتەوە دەردەچێت لە منداڵدانیەوە ؛ سوڕی مانگانەیە هەتاوەکو بەڵگەیەک هەبێت لەسەر ئەوەی خوێنی ئیستیحازەیە.وهەروەها دەڵێت: هەر خوێنێک لە ئافرەتەکە دەربچێت ئەوا خوێنی سوڕی مانگانەیە مەگەر بزانرێت خوێنی دەمارە یان برینە.وئەم ڕایە  پەسەندە لەڕوانگەی بەڵگەوە وهەروەها نزیکترینە لە تێگەیشتنی ڕاست، وکارپێکردنی ئاسانە بەبەراورد لەگەڵ ڕای ئەوانەی ماوەکە دیاری دەکەن، بۆیە لەپێشترە بۆ قبوڵکردن چونکە بەپێی ڕۆحی ئاینی ئیسلامِ وبنچینەکەیەتی لەڕوانگەی ئاسانکاریەوە،قال الله تعالی: {وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ } [الحج:78]، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ) واتە: ( و لە ئاین و بەرنامەکەیدا هیچ جۆرە شتێکی نارەواو قورس و گرانی لەسەر دانەناون (کە نەتوانن ئەنجامی بدەن،)) [الحج:78]،وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «دینداری ئاسانە، هەرکەسێک دینداری (ئاینداری) لەسەر خۆی گران بکات وبە زیادەڕەوی وزۆر بە توندی بیگرێت؛ ئەوا ئاینەکە کۆڵی پێدەدات؛ جا بۆیە ڕێگای ڕاست -مامناوەند- بگرن (ئەگەر ئەمە ناتوانن بکەن ئەوا) شتێکی نزیک لێوەی ئەنجام بدەن وموژدەتان لێبێت» [رواه البخاري].

وڕەوشتی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وابووە: «ئەگەر بژاردەی پێبدرایە لەنێوان دوو شت ئەوا ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد ئەگەر گوناهی تێدا نەبووایە».

سوڕی مانگانەی ئافرەتی سکپڕ:

زۆرجار ئەگەر ئافرەت سکپڕ بێت ؛ خوێنی سوڕی مانگانەی دەپچڕێت، ئیمام ئەحمەد -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: «ئافرەتان دەزانن سکپڕن بەهۆی پچڕانی خوێنەوە -خوێنی سوڕی مانگانە-»، ئەگەر ئافرەتی سکپڕ خوێنی بینی پێش ئەوەی منداڵەکەی ببێت بە ڕۆژێک یان دووان و ئازاری -گرژبونی منداڵدانی- لەگەڵدا بێت ئەوا خوێنی زەیستانیە،وئەگەر پێش منداڵبوون بێت بە ماوەیەکی زۆر یان بەماوەیەکی کەم بەڵام ئازاری -گرژبونی منداڵدانی- لەگەڵدا نەبێت ئەوا ئەمە خوێنی زەیستانی نیە، بەڵام ئایا سوڕی مانگانەیە کە حوکمەکانی سوڕی مانگانە بیگرێتەوە یان خوێنێکی پوچەڵە حوکمەکانی سووڕی مانگانە نایگرێتەوە؟

لەم بابەتەدا ناکۆکی هەیە لەنێوان زانایان، وڕای دروست ئەوەیە خوێنی سوڕی مانگانەیە ئەگەر زۆر جار تووشی ببێت  لەماوەی عادەی ئاسایی خۆی؛ چونکە بنچینە لەوەی تووشی ئافرەت دەبێت لە خوێن ئەوەیە خوێنی سوڕی مانگانەیە؛ ئەگەر هۆکارێک نەبێت ڕێگری بکات لەوەی خوێنی سوڕی مانگانە بێت.

وئەمە مەزهەبی ئیمام مالیک وشافیعیە، وهەروەها بژاردەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیەیە لە (الاختيارات: ل30) دەڵێت: وبەیهەقی ئەم ڕایە دەگێڕێتەوە لە ئەحمەدەوە، بەڵکو گەڕاوەتەوە بۆ سەر ئەم ڕایە پاش ئەوەی لەسەر ڕایەکی تر بوو).

بۆیە ئەو حوکمانە پەیوەستن بە سوڕی مانگانەی ئافرەتی سکپڕەوە ؛ کە پەیوەیستە بە سوڕی مانگانەی ئەوانەی سکپڕ نین، مەگەر لە دوو مەسەلەدا نەبێت:

مەسەلەی یەکەم: تەڵاقدان، حەرامە تەڵاقی ئافرەتێک بدرێت کە سکپڕ نیە لەماوەی سوڕی مانگانەی ئەگەر لەوانە بێت چاوەڕێی عیدە دەکەن، بەڵام تەڵاقدانی ئافرەتیِ سکپڕ حەرام نییە؛چونکە تەڵاقدانی ئافرەتێک لەکاتی سوڕی مانگانە کە سکپڕ نەبێت ؛ پێچەوانەی ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت:{فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ } [الطلاق:1]، (فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ) واتە: (لە کاتی دیاری کراویاندا تەڵاقیان بدەن (کە بریتیە لەو کاتەی کە ئافرەت لە عادەی مانگانە پاك بۆتەوە)) [الطلاق: 1].)بەڵام تەڵاقدانی ئافرەتی سکپڕ لەکاتی سوڕی مانگانە پێچەوانەی ئەم ئایەتە نیە؛ چونکە هەرکەسێک ئافرەتی سکپڕ تەڵاق بدات ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە هاتبێت یان نا  ئەوا تەڵاقی داوە بەڕەچاوکردنی عیدەکەی -عیدەی ئافرەتی سکپڕ بریتیە لە منداڵبوونی-؛بۆیە حەرام نیە تەڵاقی ئافرەتی سکپڕ بدات پاش جووتبون لەگەڵی ؛ بەپێچەوانەی ئافرەتی تر.

مەسەلەی دووەم:  سوڕی مانگانەی ئافرەتی سکپڕ ئاماژە نیە بۆ تەواوبوونی عیدەکەی، بەپێچەوانەی حەیزی ئافرەتی تر؛چونکە عیدەی ئافرەتی سکپڕ تەواو نابێت مەگەر پاش ئەوەی منداڵەکەی دەبێت، ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە هاتبێت یان نا؛لقوله تعالی: {وَأُوْلاَتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ } [الطلاق:4]. خوای گەورە دەفەرموێت: (وَأُوْلاَتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ) واتە: (ئەو ئافرەتانەش کە سکیان هەیە ماوەکەیان ئەوەندەیە تا سکەکەیان دادەنێن) [الطلاق:4].

*

# - بەشی سێیەم: گۆڕانکاری نا نائاسایی لە سوڕی مانگانە.

ئەو گۆڕانە نائاساییانە لە سوڕی مانگانە ڕوودەدەن، چەند جۆرێکن:

جۆری یەکەم: زیاد بوون وکەمبوونی ڕۆژەکانی سووڕی مانگانە، وەکو ئەوەی سوڕی مانگانەی شەش ڕۆژ بێت، بەڵام خوێن بەردەوام دەبێت هەتاوەکو حەوت، یان حەوت ڕۆژ بێت بەڵام لەڕۆژی شەشەم پاک بێتەوە.

جۆری دووەم: پێشکەوتن یان دواکەوتنی سوڕی مانگانە، وەکو ئەوەی سوڕی مانگانەکەی لە کۆتایی مانگ بێت بەڵام لە سەرەتای مانگدا تووشی دەبێت، یان سوڕی مانگانەکەی لەسەرەتای مانگ بێت بەڵام لە کۆتاییەکەی تووشی دەبێت.

وزانایان ناکۆکن لە حوکمدان لەسەر ئەم دوو جۆرە وڕای دروست ئەوەیە هەرکاتێک ئافرەت خوێنی بینی ئەوا  خوێنی سوڕی مانگانەیە، وهەرکاتێک پاک بوویەوە لێی ئەوا پاکە، ئەگەر ژمارەی ڕۆژەکانی سوڕی مانگانەی زیاتر یان کەمتر بێت، وپێشبکەوێت یان دوابکەوێت،وپێشتر باسی بەڵگەکان کرا لەسەر ئەم مەسەلەیە، چونکە شەریعەت حوکمەکانی سوڕی مانگانەی بەستووەتەوە بە بوونی سوڕی مانگانە.

وئەمە مەزهەبی ئیمامی شافیعی، وبژاردەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمەیەیە، وئیبن قودامە دانەری کتێبی (المغني) ئەم ڕایەی بە بەهێزترین داناوە وسەری خستووە، ودەڵێت: (ئەگەر ماوەی سوڕی مانگانە بەو پێیە بێ کە مەزهەب دیاریکردووە -دیارە مەبەستی مەزهەبی حەنبەلیە چونکە دانەر خۆی حەنبەلیە-  ئەوا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونی دەکردەوە بۆ ئومەتەکەی وهەرگیز ڕوونکردنەوەی وا گرنگی دوانەدەخست؛چونکە دواخستنی ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەکاتی خۆیدا ؛ ڕێگەپێدراو نیە، وخێزانەکانی وهەموو ئافرەتان پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیە لەسەر ئەم بابەتە لە هەموو کاتێک، وهەرگیز بێئاگا نەبووە لە ڕوونکردنەوەی،ولە ئەو نەهاتووە -صلی الله علیه وسلم- کە هیچ شتێکی باسکردبێت سەبارەت بە -ماوەی- سوڕی مانگانە مەگەر دەرهەق بە ئافرەتی ئیسیحازەدار نەبێت).

جۆری سێیەم: زەرداو و لێڵاو، بەشێوەیەک خوێنەکە دەبینێت زەردی لەگەڵدایە وەکو برین یان تێکەڵە ولێڵاوە لەنێوان زەرد وڕەش، ئەمە ئەگەر لەکاتی سوڕی مانگانە بێت یان لەگەڵی بێت پێش پاکبوونەوە ئەوا سوڕی مانگانەیە بۆیە حوکمەکانی سوڕی مانگانەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، وئەگەر لەپاش پاکبوونەوە بێت ئەوا سوڕی مانگانە نیە؛لە دایکی عەتیەوە، نوسەیبەی کچی حاریسی ئەنساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

«دەستوورمان وابوو لە پاش پاكبوونەوە لە بێنوێژی: لێڵاو وزەرداومان بە هیچ دانەدەنا». [رواه أبو داود بسندٍ صحيح]،وهەروەها [البخاري] دەیگێڕێتەوە بەبێ باسكردنی دەستەواژەی : (لەپاش پاكبوونەوە)، بەڵام ناونیشانی بابەتەكە بەم شێوەیە : (بابەتی زەرداو و لێڵاو لە ڕۆژانی تر جگە لەڕۆژانی سوڕی مانگانە: باب الصّفرة والكدرة في غير أيام الحيض).ئیبن حەجەر لە شیكردنەوەی سەحیحی بوخاری بەناوی (فتح الباري) دەڵێت: «ئەمەی ووت بۆ كۆكردنەوە لەنێوان فەرموودەی عائیشە كە پێشتر هێنای : (هەتاوەكو پارچە سپیەكە دەبینیت)،وهەروەها فەرموودەی (ئوم عەتیە) كە لەم بابەتەدا باسكراوە، وفەرموودەكەی عائیشە لەو ڕوانگەوەیە ئەگەر زەرداو و لێڵاوی بینی لەڕۆژەكانی سوڕی مانگانە، بەڵام ئەگەر لە ڕۆژەكانی تر بینی ئەوا فەرموودەكەی ئوم عەتیە ڕەچاو دەكرێت».وفەرموودەكەی عائیشە كە ئاماژەی بۆی كردووە لەوانەیە كە بوخاری بە موعەلەقی هێناویەتی (موعەلەقی واتە گێڕانەوەیەكە كە لەسەرەتای زنجیرەی گێڕەرەوەكاندا كەسێك یان زیاتر باس نەكراون لە گێڕەوانی فەرموودەكە) پێش ئەوەی باسی ئەم بەشە بكات، ئافرەتان هەندێك شتیان بۆ عائیشە دەنارد وەكو پارچە پەموویەک كە زەردی لەگەڵدا بوو بۆئەوەی بزانن شوێنەواری حەیز ماوە، ئەویش دەیووت: «پەلە مەكەن هەتاوەكو پارچە سپیەكە دەبینن».وپارچە سپیەكە ئاوێكی سپیە كە لە منداڵدانی ئافرەتەوە دەردەچێت لەكاتی پچڕانی سوڕی مانگانە.

جۆری چوارەم: خوێن هاتن وسوڕی مانگانەی نائاسایی : بەشێوەیەک ڕۆژێک خوێن ببینێت وڕۆژەكەی پاشتر پاكێتی ببینێـت، وبەم شێوەیە ئەمە دوو حاڵەتی هەیە:

حاڵەتی یەكەم: ئەمە بەردەوام بێت لەگەڵ ئافرەت لەهەموو كاتێک، ئەمە خوێنی ئیستیحازەیە (ئیستیحازە: ئەو خوێنەیە كە تووشی هەندێک ئافرەت دەبێت ولە پاش تەواوبوونی كاتی سووڕی مانگانەوە -كاتی حەیزەوە- هەر بەردەوام دەردەچێت، واتا هیچ پەیوەندییەكی نییە بە سووڕی مانگانەوە) و بە خوێنی ئیستیحازە دادەنرێت وحوكمەكانی ئیستیحازە دەیگرێتەوە.

حاڵەتی دووەم: لەگەڵ ئافرەت بەردەوام نەبێت، بەڵكو هەندێک كات تووشی بێت، وكاتي پاكبوونەوەی هەبێت، زانایان ناكۆكن لەبارەی ئەم پاكبوونەوەیە، ئایا بە پاكبوونەوە دادەنرێت یان حوكمەكانی سوڕی مانگانەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت؟

لە ڕاسترین دوو ڕای مەزهەبی شافیعی ئەوەیە كە حوكمەكانی سوڕی مانگانەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، بۆیە بە سوڕی مانگانە دادەنرێت، وئەمیش بژاردەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە ، ودانەری كتێبی (الفائق)، ومەزهەبی ئەبی حەنیفەیە،وئەم قسەیە بنیات نراوە لەسەر ئەوەی لەڕاستیدا پارچە سپیەكە لەم ماوەیەدا نابینرێت؛ چونكە ئەگەر بە پاكبوونەوە دابنرێت ئەوا ماوەكەی پێشی بە سوڕی مانگانە دادەنرێت، وماوەی پاشی بە سوڕی مانگانە دادەنرێت، وهیچ كەسێک ئەم قسەی نەوتووە، ئەگەرنا ماوەی سوڕی مانگانە بە پێنج ڕۆژ تەواو دەبوو:چونكە ئەگەر بە ماوەی پاكبوونەوە دابنرێت ئەوا ئەمە بە قورسی ونارەحەتی دادەنرێت چونكە دەبێت خۆی بشوات هەموو دوو ڕۆژ جارێک، ولابردنی نارەحەتی وبارگرانی ڕەچاوكراوە لەم شەریعەتەدا والحمد الله.

و لەبەناوبانگترین ڕای مەزهەبی حەنبەلی ئەوەیە هاتنی خوێن سوڕی مانگانەیە وپچڕانی پاكبوونەوەیە مەگەر بەكۆی هەردوویان زیاتر بێت لە زۆرترین ڕۆژەكانی سوڕی مانگانە، بۆیە ئەو ڕۆژە زیادانە بە خوێنی ئیستیحازە دادەنرێت.

ودانەری كتێبی (المغني) دەڵێت: «ئەو ماوەیەی كە تێیدا هاتنی خوێن دەوەستێت كەمتر بێت لە ڕۆژێک، نابێت ئەمە بە پاكبوونەوە دابنرێت، هەروەكو باسمان كرد لە گێڕانەوە سەبارەت بە زەیستانی كە ئاوڕ نادرێتەوە بۆ وەستانی خوێن لە كەمتر لە ڕۆژێک وئەمیش ڕاسترینە -إن شاء الله- چونكە خوێن جاری وا هەیە دێت وجاری وا هەیە دەپچڕێت، و واجب كردنی خۆشۆردن لەسەر ئەو كەسەی كاتژمێرێک پاكە وكاتژمێرێكی تر پاک نییە وبەو شێوەیە ؛ ئەمە بارگرانی ونارەحەتیە ودەبێت دوور بخرێتەوە؛لقوله تعالى: {وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ } [الحج:78]، چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ) واتە: (وئەو زاتە بۆ ئەوە هەڵی بژاردوون و لە ئاین و بەرنامەكەیدا هیچ جۆرە شتێكی نارەواو قورس و گرانی لەسەر دانەناون (كە نەتوانن ئەنجامی بدەن)) [الحج:78]،دەڵێت: بۆیە پچڕانی خوێن كەمتر لە ڕۆژێک بە پاكبوونەوە دانانرێت مەگەر شتێک هەبێت كە ئاماژەی بۆ بكات وەكو ئەوەی پچڕانی لە كۆتایی ماوەی سوڕی مانگانەی بێت یان پارچە سپیەكە ببینێت».

بۆیە قسەی ئیبن قودامە (دانەری كتێبی -المغني-) بە وتەیەكی مامناوەند دادەنرێت لەنێوان هەردوو وتەكە، وخوای گەورە زاناترە بە پەسەندترینیان.

جۆری پێنجەم: وشكبوونەوە: كاتێكە كە ئافرەت شوێنەواری خوێن نابینێت وتەنها هەست بەتەڕی دەكات، ئەمە ئەگەر لەكاتی سوڕی مانگانە بێت یان لەگەڵی بێت پێش پاكبوونەوە ئەوا ئەمە بە سوڕی مانگانە دادەنرێت، وئەگەر لەپاش سوڕی مانگانە بێت ؛ ئەوا بە سوڕی مانگانە دانانرێت؛چونكە حاڵەتەكەی دەبێت وەكو زەرداو و لێڵاو مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، وئەمە حوكمەكەیەتی.

*

# بەشی چوارەم: حوكمەكانی سوڕی مانگانە -حەیز-

سوڕی مانگانە حوكمی زۆری هەیە زیاترە لە بیست حوكم وئێمە لێرەدا ئەوانەیان باس دەكەین كە زۆر پێویستە :

یەكەم: نوێژكردن: حەرامە لەسەر ئافرەتی حەیزدار نوێژ بكات (نوێژی فەرز وسونەت)، و نوێژكردنی دروست نیە، وهەروەها نوێژكردن لەسەری واجب نیە مەگەر بە پاكێتیەوە بگاتە كاتی نوێژەكە هێندەی ماوەی ئەنجامدانی ڕكاتێک، بۆیە لەم حاڵەتەدا واجبە نوێژەكەی بكات، ئەگەر لەسەرەتای یان كۆتایی كاتی نوێژەكە بێت.

نمونە لەسەر ئەم حاڵەتە: ئافرەتێک تووشی سوری مانگانە بووە لەپاش خۆر ئاوا بوون هێندەی ماوەی كردنی ڕكاتێک بۆیە واجبە لەسەری ئەگەر پاكبوویەوە ؛ نوێژی مەغریب قەزا بكاتەوە چونكە گەیشتووە بە كاتی نوێژەكە هێندەی ماوەی كردنی ڕكاتێک پێش ئەوەی تووشی سوڕی مانگانە بێت.

نمونەیەكی تر: ئافرەتێک پاكبوویەوە لە سوڕی مانگانە پێش ئەوەی خۆر دەربچێت هێندەی ماوەی كردنی ڕكاتێک بۆیە واجبە لەسەری ئەگەر پاكبوویەوە ؛ نوێژی بەیانی قەزا بكاتەوە چونكە گەیشت بە كاتی نوێژەكە هێندەی ماوەیەک كە دەكرێت ڕكاتێكی تێدا ئەنجامبدرێت.

بەڵام ئەگەر ئافرەتی حەیزدار گەیشت بەكاتی نوێژەكە ماوەیەک كە ناكرێت ڕكاتێكی كامڵی تێدا ئەنجام بدرێت، وەكو ئەوەی تووشی سوڕی مانگانە بێت لە نمونەی یەكەم لەپاش خۆر ئاوابوون بە ساتێكی زۆر كەم یان پاک بێتەوە لە نمونەی دووەم پێش ئەوەی خۆر دەربچێت بە ساتێكی زۆر كەم،نوێژكردن لەسەری واجب نیە، چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:«هەركەسێک بگات -بەئەنجامدانی- ڕكاتێک لە نوێژ ئەوا گەیشتووە -بەئەنجامدانی- نوێژەكە -لەكاتی خۆیدا-» [متفق عليه].بۆیە لە واتای فەرموودەكە ئەوەیە هەركەسێک بگات بەماوەیەک كە كەمتر بێت بۆ كردنی ڕكاتێک ئەوا لەڕاستیدا نەگەیشتووە بەكاتی نوێژەكە.

وئەگەر گەیشت بە ماوەی كردنی ڕكاتێک لە كاتی نوێژی عەسر ئایا واجبە لەسەری نوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ عەسر بكات، یان وئەگەر گەیشت بە ماوەی كردنی ڕكاتێک لە كاتی نوێژی عیشا ئایا واجبە لەسەری نوێژی مەغریب لەگەڵ عیشا بكات؟

لەم بابەتەدا ناكۆكی هەیە لەنێوان زانایان، وڕای دروست ئەوەیە واجب نیە لەسەری جگە لەو نوێژە نەبێت كە گەیشتووە بە كاتەكەی، ئەویش لە نمونەكەدا بریتین لە نوێژەكانی عەسر وعیشا بەتەنها؛چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەركەسێک بگات -بەئەنجامدانی-

ڕکاتێک له نوێژی عەسر پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت ئەوا گەیشتووە بەکاتی ئەنجامدانی- نوێژی عەسر-» [متفق علیه]،وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەیفەرموو : گەیشتووە بە ئەنجامدانی نوێژەکانی نیوەڕۆ وعەسر.وباسی ئەوەی نەکرد کە کردنی نوێژی نیوەڕۆ واجبە لەسەری، وبنچینە بریتیە لەوەی لەسەری نیە، وئەمە مەزهەبی ئەبی حەنیفە ومالیکە دانەری کتێبی « شرح المهذب» لە ئەبو حەنیفە ومالکە وە گێڕاویەتەوە

بەڵام سەبارەت بە زیکر وتەسبیح -وتنی: سبحان الله- وتەکبیر -وتنی: الله أکبر- وتەحمید -وتنی : الحمد لله-، وناوهێنانی خوای گەورە لەسەر خواردن -وتنی: بسم الله-، وخوێندنەوەی فەرمووده وفیقهـ ونزا وئامین کردن لەسەر نزا ؛ حەرام نیە ئەمانە بکات،چونکە لە هەردوو سەحیح وسەرچاوەی تریش هاتووە لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە باوەشم پاڵی دەدایەوە، وقورئانی دەخوێند لەکاتێکدا حەیزدار بووم».

لە ئوم عەتیە نوسەیبەی ئەنساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت کە گوێی لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو کە دەیفەرموو:«کچە گەنجەکان وئەو کچانەش کە لەماڵەوەن دەربچن -لەماڵ بۆ ئەنجامدانی نوێژی دوو جەژنەکە- بۆئەوەی ئامادەی خێر ونزای ئیمانداران بن وئەوانەی کە تووشی سووڕی مانگانە بوون لە شوێنی نوێژکردنی مسوڵمانان -موسەڵا- نزیک نەبنەوە».

بەڵام ئەگەر ئافرەتی حەیزدار لەنەفسی خۆیدا قورئان بخوێنێت ئەگەر بەچاو سەیری بکات و بەدڵ بیری لێبکاتەوە بەبێ ئەوەی بیخوێنێت بە زوبان ئەوا ئەمە ئاساییە وەکو ئەوەی قورئانێک لە پێشی دابنرێت یان پارچەیەک کە قورئانی لەسەر نووسرابێت وئایەتەکانی لەسەر بخوێنێتەوە لەدڵیەوە..نەوەوی لە شەرحی (المهذب) دەڵێت: (ڕێگەپێدراوە بەبێ ناکۆکی). بەڵام ئەگەر بە زمان بخوێنێتەوە ئەوا ڕای زۆرینەی زانایان ئەوەیە کە ئەمە قەدەغەیە وجائیز نیە،بەڵام (بوخاری وئیبین جەریری تەبەری وئیبن مونزیر) دەڵێن: ئەمە ڕێگەپێدراوە.لە مالیک وشافیعیش گێڕدراوەتەوە لە ڕای پێشوویان؛ لە ئەوانەوە دەیگێڕێتەوە لە (فتح الباري)، وهەروەها ئیمامی بوخاری بە موعەلەقی دەیگێڕێتەوە لە ئیبراهیمی نەخەعیەوە کە دەڵێت: ئاساییە -ئافرەتی حەیزدار- ئایەتێک بخوێنێتەوە.

لە (مجموع الفتاوی) شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت:«ڕێگرتن لە ئافرەت لە خوێندنەوەی قورئان هیچ شتێکی لەسەر نەهاتووە لە سونەتدا وبنچینەی نیە، وکاتێک دەفەرموێت: (حەیزدار ولەشگران هیچ قورئان نەخوێنێت) ئەمە فەرموودەیەکی لاوازە بە یەکدەنگی زانایانی فەرموودەناس، وئافرەتان لەسەردەمی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- تووشی سوڕی مانگانە دەبوون وئەگەر خوێندنەوەی قورئان لەسەریان حەرام بووایە وەکو نوێژ ئەوا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونی دەکردەوە بۆ ئومەتەکەی ودایکانی ئیمانداران ڕوونیان دەکردەوە وبۆ خەڵکی باسیان دەکرد،وکاتێک هیچ یەکێک لە پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- نەهی نەگێڕاوەتەوە لەسەر ئەم بابەتە بۆیە نابێت حەرام بکرێت ئەگەرچیش بزانرێت کە ئەو نەهی لێیان نەکردووە، وئەگەر نەهی لێنەکردبێت ئەگەرچیش سوڕی مانگانە زۆر بێت لەسەردەمی ئەودا بۆیە زانراوە کە حەرام نیە».

پاش ئەوەی ناکۆکی زانایانمان زانی لەسەر ئەم بابەتە؛ پێویستە بزانین: باشتر وایە ئافرەتی حەیزدار قورئان نەخوێنێت بەزمان ودەربڕینەوە مەگەر زۆر پێویست بێت وەکو ئەوەی مامۆستا بێت وپێویستە قوتابیەکان فێر بکات، یان لەکاتی تاقیکردنەوە بێت وفێرخواز دەبێت قورئان بخوێنێت بۆئەوەی تاقیبکرێتەوە یان هتد هاوشێوەی ئەم حاڵەتانە.

دووەم: ڕۆژووگرتن: حەرامە لەسەر ئافرەتی حەیزدار ڕۆژوو بگرێت ؛ سونەت وفەرز، بەڵام واجبە ئەو ڕۆژانەی بەهۆی سوڕی مانگانەوە ڕۆژووی فەرزی نەگرتووە ؛ دەبێت قەزایان بکاتەوە لەپاش ڕەمەزان، بەهۆی فەرموودەی عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت:«ئەوە تووشمان دەبوو -واتا:سوڕی مانگانە- فەرمانمان پێدەکرا بە قەزاکردنەوەی -گرتنەوەی- ڕۆژوو بەڵام فەرمانمان پێنەدەکرا بە قەزاکردنەوەی نوێژەکان» متفق علیه.

وئەگەر تووشی سوڕی مانگانە بوو لەکاتی ڕۆژووگرتنیدا ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵە، ئەگەرچیش ساتێکی کەم بێت پێش خۆر ئاوابوون، و واجبە لەسەری ئەو ڕۆژە بگرێتەوە ئەگەر ڕۆژووی فەرز بێت.

بەڵام ئەگەر هەستی کرد بەوەی خوێنی حەیز بەناو لاشەیدا دێت ودەچێت ودەرنەچوو پێش خۆر ئاوا بوون ئەوا ڕۆژووەکەی دروست وتەواوە وپوچەڵ نەبووەتەوە بەپێی ڕاستترین وتەی زانایان؛ چونکە ئەو خوێنەی لەناو لاشەی مرۆڤدایە هیچ حوکمێکی لەسەر نییە؛وهەروەها پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کاتێک پرسیاری لێکرا سەبارەت بەوەی ئافرەت دەیبینێت لەخەودا هەروەکو پیاو: ئایا خۆشۆردنی لەسەرە؟فەرمووی: «بەڵێ، ئەگەر ئاوی -مەنی- بینی»، بۆیە حوکمەکەی بەستەوە بە بینینی مەنی نەک بەهاتن وچوونی لەلاشەدا، و بەهەمان شێوە خوێنی سوڕی مانگانە هیچ حوکمێک لەسەری جێگیر نابێت مەگەر پاش ئەوەی دەردەچێت.

وئەگەر بەرە بەیان دەرچوو وتووشی سوڕی مانگانە هاتبوو ئەوا دروست نیە ئەو ڕۆژە ڕۆژوو بگرێت ئەگەرچیش پاش ساتێکی کەم لە دەرچوونی بەرە بەیان پاک بێتەوە.

وئەگەر پاک بێتەوە پێش دەرکەوتنی بەرە بەیان وڕۆژووی گرت ؛ ئەوا ڕۆژووەکەی دروستە، ئەگەرچیش دوای دەرکەوتنی بەرە بەیان خۆی بشوات، وەکو ئەو کەسەی لەشگرانە ئەگەر نیەتی ڕۆژووگرتنی هێنا لەکاتێکدا لەشگرانە وخۆی نەشۆرد مەگەر پاش دەرکەوتنی بەرە بەیان نەبێت ئەوا ڕۆژووەکەی دروستە؛بەهۆی فەرموودەی عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت: «پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەیانی بەسەردا دەهات ولەشگران بوو بەهۆی جووتبون نەک بەهۆی خەوتن پاشان ڕۆژووی ڕەمەزانی دەگرت» متفق علیه.

حوکمی سێیەم: تەواف کردن بەدەوری کەعبە: حەرامە لەسەر ئافرەتی حەیزدار تەواف بکات بەدەوری کەعبە، نابێت نە تەوافی فەرز و نە تەوافی سونەت بکات، وئەگەر بیکات دروست نیە؛چونکە کاتێک عائیشە تووشی سوڕی مانگانە بوو پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: «هەموو شتێک ئەنجام بدە کە حاجی ئەنجامی دەدات مەگەر ئەوە نەبێت تەواف مەکە بەدەوری کەعبە هەتاوەکو پاک دەبیتەوە».

بەڵام کردەوەکانی تر وەکو سەعی -هاتن وچوون- لەنێوان سەفا ومەروە، و وەستان لە عەرەفە، وشەو مانەوە لە موزەدلفە ومینا، وفڕێدانی بەردەکان وهەروەها دروشمەکانی تری حەج وعومرە ئەمانە ئەنجامدانیان حەرام نیە لەسەر ئافرەتی حەیزدار،بۆیە ئەگەر ئافرەت تەواف بکات بەپاکیەوە پاشان تەواو بێت لە تەوافەکەی وڕاستەوخۆ تووشی سوڕی مانگانە بێت، یان لەکاتی سەعی تووشی بێت ئەمە ئاساییە.

حوکمی چوارەم: تەوافی ماڵئاوایی -طواف الوداع- فەرز نیە لەسەر ئافرەتی حەیزدار: ئەگەر دروشمەکانی تری حەج وعومرەی تەواو کرد وپاشان تووشی سوڕی مانگانە بوو پێش ئەوەی دەربچێت بەرەو شارەکەی خۆی وحەیزەکەی بەردەوام بێت هەتاوەکو دەردەچێت، ئەوا دەڕوات بەبێ تەوافی ماڵئاوایی؛بەهۆی فەرموودەی ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- کە دەڵێت: «فەرمانکرا بە خەڵکی کە تەواف کردن بەدەوری کەعبە دوایین شت بێت کە دەیکەن، بەڵام جگە لە ئافرەتی حەیزدار» [متفق علیه].

وسونەت نیە بۆ ئافرەتی حەیزدار لەکاتی ماڵئاوایی کردنی بێت بۆ لای دەرگای مزگەوتی حەرام ونزا بکات؛ چونکە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی بەمە نەکردووە.بەڵکو ئەوەی هاتووە لە پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- پێچەوانەی ئەمەیە،لە باسی سەفیە -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک تووشی سوڕی مانگانە بوو پاش تەوافی ئیفازە -طواف الإفاضة- پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: «کەواتە با بەڕێ بکەوێت» [متفق علیه].

وفەرمانی پێنەکرد بڕوات بۆ لای دەرگای مزگەوتی حەرام، ئەگەر ڕێگەپێدراو بووایە ڕوونی دەکردەوە.وسەبارەت بە تەوافی حەج وعومرە ؛ لەسەری لاناچێت، تەواف دەکات ئەگەر پاک بێتەوە.

حوکمی پێنجەم: مانەوە لە مزگەوت: حەرامە لەسەر ئافرەتی حەیزدار بمێنێتەوە لە مزگەوت تەنانەت لە شوێنی ئەنجامدانی نوێژی جەژنیش -موسەڵا- ؛ حەرامە لەسەری لەم شوێنانە بمێنێتەوە.بەهۆی فەرموودەی ئوم عەتیە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو کە دەیفەرموو: «کچە گەنجەکان وئەو کچانەش کە لە ماڵەوەن دەربچن -لەماڵ بۆ ئەنجامدانی نوێژی دوو جەژنەکە- بۆئەوەی ئامادەی خێر ونزای ئیمانداران بن وئەوانەی کە تووشی سووڕی مانگانە بوون لە شوێنی نوێژکردنی مسوڵمانان -موسەڵا- نزیک نەبنەوە» [متفق علیە].

حوکمی شەشەم: جووتبوون: حەرامە لەسەر مێردەکەی لەگەڵی جووت بێت، وحەرامە لەسەر ئافرەتەکە ڕێگە بدات مێردەکەی لەگەڵی جووت بێت؛لقولە تعالی: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ} [البقرة:222]، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:  (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ) واتە: ((ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی (عادەتی مانگانەی ئافرەت) پێیان بڵێ: ئەوە ئازارو زەرەرە، کەوابوو خۆتان بە دوور بگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن و نزیکیان مەکەون تا پاک دەبنەوە) [البقرة: 222]،ومەبەست لە (المحيض:سوڕی مانگانە) واتا ماوەی سوڕی مانگانە وشوێنی دەرچوونی خوێنی سوڕی مانگانە کە ئەمیش دامێنی ئافرەت دەگرێتەوە؛وهەروەها پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو شتێک بکەن جگە لە جووتبوون» [رواه مسلم]؛وزانایانی مسوڵمانان یەکدەنگن لەسەر حەرامێتی جووتبوون لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار لە دامێنیەوە،

بۆیە حەڵاڵ نیە بۆ کەسێک باوەڕی بە خوا وڕۆژی دوایی هەیە ئەم کارە خراپە بکات کە بەڵگە هەیە لەسەر حەرامبوونی لە قورئان وسونەت ویەکدەنگی زانایان، وئەگەر ئەم کارە بکات لەوانە دەبێت کە سەرپێچی فەرمانی خوا وپێغەمبەرەکەی کردووە، وشوێنی ڕێبازی  غەیری ئیمانداران کەوتووە،نەوەوی لە (المجموع شرح المهذّب) ل374 ب2 دەڵێت: شافیعی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: «هەرکەسێک ئەم کارە بکات ئەوا تاوانێکی گەورەی کردووە»، زانایانمان دەڵێن: «هەرکەسێک پێی وابێت جووتبوون لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار حەڵاڵە؛ حوکم بەکافربوونی دەدرێت».

وڕێگەپێدراوە والحمد لله بە کردنی ئەو شتانە لەگەڵ خێزانەکەی کە شەهوەتی دادەمرکێنێتەوە بەبێ جووتبوون وەکو ماچکردن وباوەشپیاکردن وبەرکەوتن بەبێ جووتبوون لە دامێنەوە، بەڵام باشتر وایە بەریەکەوتن نەبێت لەنێوان ناوک هەتاوەکو ئەژنۆی مەگەر لەپاش شتێکی داپۆشەرەوە نەبێت؛چونکە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی پێدەکردم ئیزار* بپۆشم، ودەهاتە لام لە کاتێکدا من لە سووڕی مانگانە بووم» [متفق علیە] ،

حوکمی حەوتەم: تەڵاقدان: حەرامە لەسەر پیاو خێزانەکەی تەڵاق بکات لەکاتێکدا حەیزدارە؛لقولە تعالی: {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ } [الطلاق:1] چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ ) واتە: (ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (بە ئوممەتت ڕابگەیەنە) کاتێك ژنانتان تەڵاق دەدەن لەکاتی دیاری کراویاندا تەڵاقیان بدەن (کە بریتیە لەو کاتەی کە ئافرەت لە عادەی مانگانە پاك بۆتەوە)) [الطلاق:1]،دەبێت لە حاڵەتێکدا تەڵاق بدرێن کە پاک بن وچاوەڕوانی سوڕی مانگانەی داهاتوو بکەن، بەمانای ئەوەی ئەمیش کاتێک دەبێت  تەڵاق بدرێت لەکاتی سکپڕبوونی یان پاک بووبێتەوە بەبێ جووتبوون لەگەڵی لەم ماوەیە؛چونکە ئەگەر تەڵاق بدرێت لەکاتی سوڕی مانگانە ئەمە ڕێگر دەبێت لەوەی ئامادە بێت بۆ ماوەی چاوەڕوانی داهاتوو -عیدەی داهاتوو-، چونکە ئەو سوڕی مانگانەی کە تێیدا تەڵاقدرا حسێب ناکرێت، وئەگەر تەڵاق بدرێت بە پاکێتی لەپاش جووتبوون، ئەو ماوەی چاوەڕوانیەی -عیدەیەی- بەرەو پێشی دێت نەزانراوە چونکە نازانێت ئایا سکپڕ بووە بەهۆی جووتبوونەوە ، بۆئەوەی ماوەی چاوەڕوانیەکەی بەدانانی سکەکەی بێت، یان سکپڕ نەبووە بۆئەوەی ماوەی چاوەڕوانیەکەی بە سوڕی مانگانەیەکی تر بێت،وکاتێک دڵنیا نیە لەجۆری عیدەکەی ؛ تەڵاقدان حەرامە هەتاوەکو مەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە.

تەڵاقدانی ئافرەتی حەیزدار لەکاتی سوڕی مانگانەی حەرامە بە بەڵگەی ئایەتەکەی پێشوو؛ولە هەردوو سەحیحدا هاتووە وهەروەها لە سەرچاوەی تریش کە : «ئیبن عومەر خێزانەکەی تەڵاق دا کاتێک حەیزدار بوو؛ عومەر ئەمەی بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسکرد ئەویش توڕە بوو وفەرمووی: «فەرمانی پێبکە با بیگەڕێنێتەوە ولای بمێنێتەوە هەتاوەکو پاک دەبێتەوە، پاشان حەیزدار دەبێت، وپاشان پاک دەبێتەوە، پاشان ئەگەر بیەوێت دەیهێڵێتەوە، وئەگەر بیەوێت تەڵاقی دەدات بەبێ ئەوەی لێی نزیک بێتەوە -جووت بێت- ئەمە ئەو ماوەیە -عیدەیەیە- کە خوای گەورە فەرمانی کردووە تێیدا ئافرەت تەڵاق بدرێت».ئەگەر پیاو خێزانەکەی تەڵاق بدات لەکاتێکدا حەیزدارە ؛ تاوانبار دەبێت، ودەبێت تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای الله -سبحانە وتعالی-، ودەبێت ئافرەتەکە بگەڕێنێتەوە بۆئەوەی بەپێی شەریعەت تەڵاقی بدات بەو شێوەیەی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێکردووە، پاش گەڕانەوەی دەیهێڵێتەوە هەتاوەکو پاک دەبێتەوە لەم سوڕی مانگانەیە کە تێیدا تەڵاقی دا، پاشان جارێکی تر تووشی سوڕی مانگانە دەبێت، پاشان کە پاک بوویەوە ئەگەر بیەوێت دەیهێڵێتەوە وئەگەر بیەوێت تەڵاقی دەدات بەبێ جووتبون.وحەرامبوونی تەڵاقدان لە سوڕی مانگانە سێ حاڵەت ناگرێتەوە:

یەکەم: ئەگەر تەڵاقدانەکەی پێش ئەوە بێت بەتەنها لەگەڵی بمێنێتەوە یان دەستی لێبدات، لەم حاڵەتەدا تەڵاقدانی ئاساییە ئەگەرچیش لە سوڕی مانگانەدا بێت؛چونکە لەم حاڵەتەدا ماوەی چاوەڕوانی -عیدەی- نیە بۆیە تەڵاقدانی سەرپێچی نیە،لقولە تعالی: {فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ } [الطلاق:1]. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ) واتە: (لە کاتی دیاری کراویاندا تەڵاقیان بدەن (کە بریتیە لەو کاتەی کە ئافرەت لە عادەی مانگانە پاك بۆتەوە)) [الطلاق: 1].

دووەم: ئەگەر سوڕی مانگانەکە لە حاڵەتی سکپڕیدا بوو، وپێشتر ئەمە باسکرا.

سێیەم: ئەگەر تەڵاقدانەکە بەرامبەر نرخێک -بڕە پارەیەک- بێت، لەم حاڵەتەدا ئاساییە ئەگەرچیش ئافرەتەکە حەیزدار بێت.

وەکو ئەوەی ناکۆکی هەبێت لەنێوان هەردوو هاوسەر بۆیە مێردەکە شتێک پارە یان سامانی لێوەردەگرێت، وڕێگەپێدراوە کە تەڵاقی بدات ئەگەرچیش حەیزدار بێت؛بەهۆی فەرموودەی ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە دەڵێت: خێزانەکەی سابتی کوڕی قەیس کوڕی شماس هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا هیچ ڕەخنەیەکم لێی نیە لە ڕەوشت ودینی، بەڵام حەز ناکەم ناسوپاسگوزار بم -کوفر بکەم- لە ئیسلامدا. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «باخەکەی بۆ دەگێڕیتەوە؟»، ووتی: بەڵێ، پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «-وەرگرتنەوەی- باخەکە قبوڵ بکە ویەک جار تەڵاقی بدە» [رواه البخاري]وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پرسیاری لێنەکرد ئایا حەیزدارە یان پاکە؟ چونکە ئافرەتەکە خۆی لەم تەڵاقدانە فیدیە دەدات بۆیە ڕێگەپێدراوە لەکاتی پێویستی ئەگەر لەسەر هەر حاڵەتێک بێت.

دانەری (المغـني) سەبارەت بەم جیابوونەوەیە (خولع) لەکاتی سوڕی مانگانە لە (ل52 ب7)دا دەڵێت:«چونکە ڕێگر لە تەڵاقدان لەکاتی سوڕی مانگانە لەترسی زیانێکە لەوەیە تووشی ببێت لە درێژی ماوەی چاوەڕوانیەکەی، وداواکردنی جیابوونەوە -خولع- (لەلایەن ئافرەتەکەوە) بۆ لابردنی ئەو زیانەیە کە لەوەیە تووشی ببێت بەهۆی خراپی مامەڵە ومانەوە لەگەڵ کەسێک کە حەزی پێناکات وڕقی لێیەتی، وئەمە گەورەترە لە زیانی زۆری ماوەی چاوەڕوانی -عیدە-، بۆیە تەڵاقدان ڕێگەپێدراوە بۆ لابردنی گەورەترین زیان بە کەمترینی؛ بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پرسیاری لێنەکرد سەبارەت بە حاڵەتەکەی».

وسەبارەت بە داواکردنی مارەیی لە ئافرەتی حەیزدار ؛ ئاساییە چونکە بنچینە حەڵاڵ بوونە، وهیچ بەڵگەیە نیە لەسەر ڕێگرتن لێی، بەڵام چوونی هاوسەرەکەی بۆ لای لەکاتێکدا حەیزدارە ؛ دەبێت باش لێی بکۆڵدرێتەوە ئەگەر دڵنیا بێت لەوەی جووت نابێت لەگەڵی ئەوا ئاساییە، ئەگەر نا نابێت بەتەنها لەگەڵی بمێنێتەوە هەتاوەکو پاک دەبێتەوە بۆئەوەی تووشی حەرامکراو نەبێت.

حوکمی هەشتەم: ئەو حوکمانەی پەیوەستن بەژماردنی ماوەی چاوەڕوانی -عیدە- بەستراوەتەوە بە سوڕی مانگانە: ئەگەر پیاو خێزانەکەی تەڵاق دا پاش ئەوەی لەگەڵی جووت بوو یان بەتەنها لەگەڵی مایەوە ؛ ئەوا واجبە ماوەی چاوەڕوانی سێ سوڕی مانگانەی -حەیزی- تەواو بێت، ئەگەر لەوانە بێت کە تووشی سوڕی مانگانە دەبێت، وسکپڕ نەبێت؛لقوله تعالى: {وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ} [البقرة:228]، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوَءٍ) واتە: (ژنانی تەڵاقدراو، دەبێت تا سێ جار عادەتی مانگانە چاوەڕێ بکەن و (شوونەکەنەوە)) [البقرة:228]،واتا : سێ سوڕی مانگانە -عادە:حەیز-،ئەگەر سکپڕ بوو ئەوا ماوەی چاوەڕوانیەکەی بریتیە لە دانانی سکەکەی، ئەگەر ماوەکە کورت یان درێژ بێت؛لقوله تعالى: {وَأُوْلاَتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ } [الطلاق:4]، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَأُوْلاَتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ) واتە: (ئەو ئافرەتانەش کە سکیان هەیە ماوەکەیان ئەوەندەیە تا سکەکەیان دادەنێن) [الطلاق:4]،وئەگەر لەوانە نەبێت کە تووشی سوڕی مانگانە دەبێت وەکو ئەوەی تەمەنی بچووک بێت کە هێشتا تووشی سوڕی مانگانە نەبووە یان بەتەمەنە وچیتر تووشی سوڕی مانگانە نابێت یان بەهۆی نەشتەرگەریەوە منداڵدانی دەرهێنراوە یان هۆکاری تر کە دەبنە هۆی ئەوەی چیتر تووشی سوڕی مانگانە نەبێت، ئەوا لەم حاڵەتانەدا ماوەی چاوەڕوانی سێ مانگ دەبێت؛لقوله تعالى: {وَاللاَّئِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلاَثَةُ أَشْهُرٍ وَاللاَّئِي لَمْ يَحِضْنَ} [الطلاق:4]، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَاللاَّئِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلاَثَةُ أَشْهُرٍ وَاللاَّئِي لَمْ يَحِضْنَ) واتە: (ئەو ئافرەتانەی کە نائومێد بوون لە عادەتی مانگانە لە هاوسەرەکانتان، ئەوە سێ مانگ چاوەڕێ بکەن، هەروەها ئەوانەش کە بەهۆی کەم تەمەنیەوە هێشتا نەکەوتونەتە عادەوە، ئەوانیش سێ مانگ چاوەڕێ بکەن) [الطلاق:4]،وئەگەر لەوانە بێت کە تووشی سوڕی مانگانە دەبێت بەڵام حەیزەکەی نەما بەهۆی هۆکارێکی زانراو وەکو نەخۆشی یان شیرپێدان ئەوا لە ماوەی چاوەڕوانی -عیدە- دەمێنێتەوە ئەگەرچیش درێژە بکێشێت هەتاوەکو سوڕی مانگانەکەی دەگەڕێتەوە باری ئاسایی و بەم پێیە ماوەی چاوەڕوانیەکەی حسێب دەکات،ئەگەر هۆکارەکە نەما وەکو ئەوەی لە نەخۆشیەکە چاک بێتەوە یان چیتر شیر نەدات وسوڕی مانگانەکەی نەگەڕایەوە بۆ باری ئاسایی ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبێت ماوەی چاوەڕوانیەکەیساڵێکی کامڵ بێت لەو کاتەوەی هۆکارەکە نەماوە،وئەمە ڕای دروستە، و بەپێی بنچینەکانی شەریعەتە،ئەگەر هۆکارەکە نەما وسوڕی مانگانە نەگەڕایەوە باری ئاسایی وەکو ئەو کەسەی کە لەبەر هۆکارێکی نەزانراو سوڕی مانگانەی بوەستێت، ئەگەر بەم شێوەیە بوو ئەوا ماوەی چاوەڕوانیەکەی یەک ساڵی کامڵ دەبێت ؛ نۆ مانگ بۆ داپۆشینی ماوەی ئەگەری سکپڕبوون، وسێ مانگ بۆ ماوەی چاوەڕوانیەکەی -عیدەکەی-.

بەڵام ئەگەر تەڵاقدانەکە لەپاش گرێبەستی هاوسەرگیری بێت و لەپێش بەریەککەوتن و بەتەنها بوون بێت لەگەڵ ئافرەتەکە، ئەمە هیچ ماوەیەکی چاوەڕوانی تێدا نیە، نە بە سوڕی مانگانە و نە بە هیچ شتێکی تر ؛لقوله تعالى: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا} [الأحزاب:49]. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا) واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەرئافرەتانی ئیمانداراننتان مارەکرد، لەوەودوا جیابوونەوەو تەڵاقدران پێش ئەوەی بچنە لایان، ئەوە هیچ (عـــدة)و ماوەیەکیان ناوێ تا حیسابی بۆ بکەن و (ماوەی چاوەڕوانی ناوێ بۆ ئەوەی شوو بکات بە یەکێکی تر)) [الأحزاب:49].

حوکمی نۆیەم: حوکمدان سەبارەت بەدڵنیایی لە سکپڕ نەبوون، واتا: ئافرەتەکە سکپڕ نیە، وئەمە پێویستە هەرکاتێک پێویست بوو بسەلمێنرێت کە ئافرەتەکە سکپڕ نییە، وئەمە چەند مەسەلەیەک دەگرێتەوە:

لەوانەش: ئەگەر کەسێک بمرێت وخێزانەکەی لەپاشی جێهێشتبێت منداڵەکەی سکی دەبێتە میراتگر، لەکاتێکدا ئافرەتەکە شووی بەپیاوێکی تر کردبێت، ئەوا نابێت پیاوەکە نزیکی بێتەوە هەتاوەکو تووشی سوڕی مانگانە دەبێت، یان یەکلا دەبێتەوە کە سکپڕە، ئەگەر ڕوون بوویەوە کە سکپڕە ئەوا حوکمی بۆ دەدرێت بەوەی میراتگرە چونکە حوکممان داوە بەوەی بوونی هەبووە لەکاتێک کە خاوەن میراتەکە مردووە، وئەگەر ئافرەتەکە تووشی سوڕی مانگانە بوو و سکپڕ نەبوو ئەوا حوکم دەدرێت لەسەر ئەوەی منداڵدانی هیچی تێدا نیە بۆیە منداڵی نیە ومیرات وەرگرتنیش بوونی نیە لێرەدا.

حوکمی دەیەم: واجبێتی خۆشۆردن -غوسڵ کردن- : واجبە لەسەر ئافرەتی حەیزدار ئەگەر پاک بوویەوە ؛ هەموو لاشەی بشوات؛چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیشی ووت: «ئەگەر سوڕی مانگانە تووشت بوو واز لە نوێژکردن بهێنە، وئەگەر نەما خۆت بشۆ و نوێژ بکە» [رواه البخاريّ].

وکەمترین واجب لە خۆشۆردندا بریتیە لەوەی ئاو هەموو لاشەی بگرێتەوە تەنانەت ژێر موویش، وباشتر وایە لەسەر ئەو سیفەتە بێت کە لە فەرموودەدا هاتووە:«ئەسمائی کچی شەکەل پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە خۆشۆردن لەسوڕی مانگانە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئافرەتەکە -کە لە سوڕی مانگانە پاک بووەتەوە- ئاو -تێکەڵ- بە سیدر دەکات و بەچاکی خۆی پێ دەشوات، پاشان ئاو دەکاتە سەر سەری و بەچاکی وتوندی پەنجەکان دەهێنێتە نێو قژی، هەتاوەکو ئاو دەگاتە بنی قژی، پاشان ئاو دەکاتە سەر سەری، پاشان پارچە قوماشێک دەبات کە میسکی لەسەرە -ودامێنی- پێ پاک دەکاتەوە»، ئەسما دەڵێت: چۆن پاکی دەکاتەوە؟ فەرمووی: «سبحان الله!»، عائیشە پێی ووت: «شوێنی دەرچوونی خوێنەکە پاک دەکاتەوە». [رواه مسلم].

وکردنەوەی پەلکی قژ واجب نیە مەگەر زۆر توند بەستبێتی، بەشێوەیەک بترسێ لەوەی ئاو نەگات بە ڕەگی قژی؛چونکە لە سەحیحی [مسلم]دا هاتووە لە ئوم سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد ووتی: من ئافرەتێکم توند قژم دەبەستمەوە ، ئایا هەڵیبوەشێنمەوە بۆ خۆشۆردن لە لەشگرانی؟ ولە گێڕانەوەیەکدا: -بۆ خۆشۆردن- لە سوڕی مانگانە ولە لەشگرانی؟ ئەویش فەرمووی: «نەخێر، تەنها بەسە کە سێ مشت ئاو بکەیت بەسەر سەرتدا پاشان ئاو بهێنیت بەسەر هەموو لاشەتدا وپاک دەبیتەوە».

وئەگەر ئافرەتی حەیزدار پاک بوویەوە لەکاتی نوێژ ئەوا واجبە لەسەری دەستبەجێ خۆی بشوات بۆئەوەی بگات بەکاتی ئەنجامدانی نوێژ لەکاتی خۆی، ئەگەر لە سەفەر بوو وئاو نەبوو یان هێندە ئاوی پێبوو ترسا لەبەکارهێنانی بۆ خۆشۆردن تووشی زیان بێت، یان نەخۆش بوو وئاو گەیشتن بەلاشەی زیانی لێبدات ئەوا لەم حاڵەتانەدا تەیەموم دەکات لەجیاتی خۆشۆردن هەتاوەکو ڕێگرەکە نامێنێت پاشان خۆی دەشوات.

وهەندێک ئافرەت لەکاتی نوێژ پاک دەبێتەوە، وخۆشۆردنی دوا دەخات بۆ کاتێکی تر ودەڵێت: ناتوانێت بە تەواوی خۆی بشوات لەم کاتەدا، بەڵام ئەمە بیانوو وبەڵگە نیە؛چونکە دەتوانێت کەمترین شت کە واجبە جێبەجێی بکات لە خۆشۆرندا ونوێژەکەی بکات لەکاتی خۆیدا، پاشان لەکاتێکی تر دەتوانێت بە تەواوی خۆی بشوات.

*

# بەشی پێنجەم: ئیستیحازە وحوکمەکانی

ئیستیحازە: بریتیە لە بەردەوام هاتنی خوێن لە ئافرەت بەشێوەیەک هەرگیز ناپچڕێت یان ماوەیەکی کەم دەپچڕێت وەکو ڕۆژێک یان دووان لە مانگدا.
بەڵگە لەسەر حاڵەتی یەکەم : کە خوێنەکە هەرگیز ناپچڕێت ئەوەیە کە لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:«فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیش بە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-ی ووت: ئەی پێغەمبەری خودا من پاک نابمەوە. ولە گێڕانەوەیەکدا: تووشی ئیستیحازە دەبم وپاک نابمەوە».
وبەڵگە لەسەر حاڵەتی دووەم : کە خوێنەکە بۆ ماوەیەکی کەم دەپچڕێت ، فەرموودەی حەمنە کچی جەحش کە هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ووتی:«ئەی پێغەمبەری خودا من تووشی -خوێنی- ئیستیحازەی زۆر وتوند دەبم» [هەتا کۆتایی فەرموودەکە.. رواه أحمد وأبو داود والترمذيّ وصحّحه، ونقل عن الإمام أحمد تصحيحه، وعن البخاريّ تحسينه]
حاڵەتەکانی ئیستیحازە:
ئیستیحازە سێ حاڵەتی هەیە:
حاڵەتی یەکەم: سوڕی مانگانەی زانراو دیاریکراوی هەبێت لەپێش تووشبون بە ئیستیحازە، لەم حاڵەتەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ماوەی سوڕی مانگانە زانراوەکەی پێشوو، بۆیە دادەنیشێت لەو ماوەیەدا وحوکمەکانی حەیزی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، وجگە لەو ڕۆژانە بە ئیستیحازە دادەنرێت، وحوکمەکانی ئیستیحازەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.
نمونە لەسەر ئەمە ئافرەتێک تووشی سوڕی مانگانە دەبوو شەش ڕۆژ لەسەرەتای هەموو مانگێکدا، پاشان تووشی ئیستیحازە بوو وخوێنەکەی بەردەوام بوو، لەم حاڵەتەدا سوڕی مانگانەکەی شەش ڕۆژ دەبێت لەسەرەتای هەموو مانگێک، وجگە لەم ڕۆژانە بە ئیستیحازە دادەنرێت؛بەهۆی فەرموودەی عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت: «فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیش ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من تووشی ئیستیحازە دەبم وپاک نابمەوە، ئایا واز لە نوێژکردن بهێنم؟ فەرمووی: «نەخێر، -ئەوە خوێنێکە- لە دەمارەوە دەردەچێت، بەڵام واز لەنوێژکردن بهێنە هێندەی ئەو ماوەیەی تووشی سوڕی مانگانە دەبوویت پاشان خۆت بشۆ ونوێژ بکە» [رواه البخاري]،و لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە ئوم حەبیبە کچی جەحشی فەرموو: «بۆ ماوەیەک بمێنەوە هێندەی ڕێگر دەبوو لێت لەسوڕی مانگانەکەت پاشان خۆت بشۆ ونوێژ بکە».بۆیە ئافرەتی ئیستیحازەدار دادەنیشێت بەپێی ڕۆژەکانی سوڕی مانگانەی زانراو، پاشان خۆی دەشوات ونوێژ دەکات وگوێ نادات بەو خوێنەی دێت.
حاڵەتی دووەم: سوڕي مانگانەی دیاریکراوی نەبێت پێش ئیستیحازە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی تووشی ئیستیحازە بووە لەو ساتەوەی یەکەم جار خوێنی حەیزی بینیوە، پێویستە لەم حاڵەتەدا کار جیاکاری بکرێت لە نێوان خوێنی حەیز وخوێنی ئیستیحازە؛ خوێنی سوڕی مانگانە ڕەش وچڕە وبۆنی هەیە ئەگەر وابوو ئەوا حوکمەکانی سوڕی مانگانە دەیگرێتەوە، وجگە لەم حاڵەتانە ئەوا حوکمەکانی خوێنی ئیستیحازەی بەسەردا دەدرێت.
نمونە لەسەر ئەمە ئافرەتێک یەکەم جارە خوێنی حەیز ببینێت، وبەردەوام لەگەڵی بێت، بەڵام دەبینێت دە ڕۆژ ڕەشە وڕۆژەکانی تر سوورە، یان دەبینێت دە ڕۆژ چڕە وڕۆژەکانی تر تەنکە، یان دەبینێت دە ڕۆژ بۆنی هەیە وڕۆژەکانی تر بۆنی نیە، سوڕی مانگانەکەی خوێنە ڕەشەکەیە لە نمونەی یەکەم وخوێنە چڕەکەیە لە نمونەی دووەم وخوێنە بۆناوییەکە لە نمونەی سێیەم، وجگە لەمانە بە خوێنی ئیستیحازە دادەنرێت؛چونکە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیش ووت: «ئەگەر خوێنی سوڕی مانگانە -حەیز- بێت ئەوا خوێنەکەی ڕەشە ودەناسرێتەوە، ئەگەر ئەوە بوو نوێژ مەکە وئەگەر ئەوەکەی تر بوو -خوێنە سوورەکە بوو- ئەوا دەستنوێژ بگرە ونوێژ بکە؛ -ئەوە خوێنێکە- لە دەمارەوە دەردەچێت» [رواه أبو داود والنسائيّ، وصحّحه ابن حبان والحاكم].ئەم فەرموودەیە ئەگەرچیش قسە هەبێت لەسەر سەنەدەکەی ومەتنەکەی ؛ زانایان کردەوەیان پێکردووە -ڕەحمەتی خوایان لێبێت-، وا پێشنیارکراوە ئەمە باشترە لەوەی ئافرەت بگەڕێتەوە بۆ خووی گشتی ئافرەتان.
حاڵەتی سێیەم: ئەوەیە سوڕی مانگانەی دیاریکراو وجیاکاریەکی باشی نەبێت ئەمیش بەوەی ئیستیحازەکە بەردەوام بێت لەو کاتەوەی سەرەتا خوێنی بینیوە وخوێنەکەی لەسەر یەک سیفەت بێت یان سیفەتی ناڕوون وتێکەڵ بێت وناکرێت سوڕی مانگانە بێت،لەم حاڵەتەدا ئافرەتەکە بەپێی خووی ئافرەتان کردەوە دەکات بۆیە ماوەی حەیزەکەی شەش یان حەوت ڕۆژ دەبێت، لەسەرەتای هەموو مانگێکەوە دەستی پێدەکات هەر لەو کاتەوەی خوێنی بینیوە، وڕۆژەکانی تر بە ئیستیحازە دادەنرێن.
نمونە لەسەر ئەمە ئەوەیە کاتێک ئافرەت یەکەم جار خوێن دەبینێت لە ڕۆژی پێنجەمی سەرەتای مانگ وبەردەوام دەبێت بەم شێوەیە بەبێ ئەوەی جیاکاریەکی چاک هەبێت بۆ ناسینەوەی سوڕی مانگانە بە ڕەنگ وشتی تر بۆیە لەم حاڵەتەدا ماوەی حەیزەکەی لە هەموو مانگێک شەش یان حەوت ڕۆژ دەبێت لەڕۆژی پێنجەمی مانگەوە دەستی پێدەکات لەهەموو مانگێک؛بەهۆی فەرموودەی حەمنەی کچی جەحشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا بە زۆری -بەتوندی- وبۆ ماوەیەکی درێژ تووشی سوڕی مانگانە دەبم، چی دەڵێی سەبارەت بە ئەمە؟ قەدەغەی لێکردووم لەوەی نوێژ بکەم وڕۆژوو بگرم، فەرمووی: «پێشنیار دەکەم لۆکە بەکاربهێنیت لەسەر دامێنت دایدەنێیت، و خوێنەکە لادەبات»، ووتی: لە ئەوە زیاترە، پێی فەرموو: «ئەمە ئازارێکە لە شەیتانەوە، تووشی سوڕی مانگانە دەبیت شەش یان حەوت ڕۆژ بە پێی زانستی خوای گەورە، پاشان خۆت بشۆ -غوسڵ دەربکە- هەتاوەکو ئەگەر بینیت پاک وخاوێنیت، بیست وسێ یان بیست چوار ڕۆژ نوێژ بکە وڕۆژوو بگرە (ڕۆژووی سونەت ئەگەر ویستی)» [هەتا کۆتایی فەرموودەکە، رواه أحمد وأبو داود والترمذيّ وصحّحه، ونقل عن أحمد أنّه صحّحه، وعن البخاريّ أنّه حسّنه].
وکاتێک -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «شەش یان حەوت ڕۆژ»، ئەمە بۆ بژاردە پێدان نیە، بەڵکو بەپێی ئیجتیهادە، بۆیە چاوەڕی دەکات کامیان نزیکترە لە حاڵیەوە لەو ئافرەتانەی وەکو ئەون لە لاشە وتەمەن وپەیوەندی خزمایەتیەوە، وکام خوێن نزیکترە لە خوێنی حەیز، وهەروەها هاوشێوەی ئەم لێکدانەوە وئەگەرانە،بۆیە ئەگەر نزیکتر شەش بوو ئەوا شەش ڕۆژ لە سوڕی مانگانە دەبێت، وئەگەر نزیکتر حەوت بێت ئەوا حەوت ڕۆژ لە حەیز دەبێت.
ئەو حاڵەتانەی لە ئیستیحازە دەچن:
لەوەیە ئافرەت تووشی شتێک بێت ببێتە هۆی ئەوەی تووشی بەربوونی خوێن -نەزیف- بێت لە دامێنیەوە وەکو نەشتەرگەری لە منداڵدان یان هتد، وئەمیش دوو جۆرە:
جۆری یەکەم: بزانێت کە مەحاڵە لەپاش نەشتەرگەریەکە تووشی سوڕی مانگانە بێت وەکو ئەوەی نەشتەرگەریەکە ببێتە هۆی دەرهێنانی منداڵدان بە کامڵی یان داخستنی بەشێوەیەک خوێنی لێوە نەیەتە خوارەوە، ئەم ئافرەتە حوکمەکانی ئیستیحازەی بەسەردا جێبەجێ نابێت، بەڵکو حوکمی وەکو ئەو ئافرەتەیە کە لێڵاو وزەرداو وتەڕی -شێ- دەبینێت لەپاش پاکبوونەوە، بۆیە واز لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن ناهێنێت ونابێتە هۆی ڕێگر لە جووتبون لەگەڵی وخۆشۆردن لەم خوێنە واجب نیە، بەڵام کاتێک ویستی نوێژ بکات دەبێت خوێنەکە بشوات پێش ئەنجامدانی نوێژەکە، وشتێک ببەستێت بەسەر دامێنیەوە وەکو پارچە پەڕۆیەک یان شتێکی تر بۆئەوەی ڕێگر بێت لە دەرچوونی خوێن، پاشان دەستنوێژ دەگرێت بۆ نوێژکردن وتەنها لەکاتی هاتنی نوێژەکە دەستنوێژ دەگرێت، ئەگەر نوێژەکە کاتی هەبوو وەکو پێنج نوێژە فەرزەکە، ئەگەر نا بۆ نوێژە سونەتەکان هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت دەستنوێژ بگرێت ونوێژ بکات.
جۆری دووەم: ئەگەر نەزانێت ئایا خوێنی سوڕی مانگانەکەی دەوەستێت لەپاش نەشتەرگەریەکە یا نا، لێرەدا حوکمی ئافرەتی ئیستیحازەداری هەیە، ئاماژە بۆ ئەم حاڵەتە فەرموودەکەیە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیشی ووت:«ئەوە -خوێنبەربوونی- دەمارە

وحەیز نیە، ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە بوویت ؛ نوێژ مەکە».کاتێک دەفەرموێت: «ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە بوویت»، واتە ئەم حوکمە بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە تووشی سوڕی مانگانە دەبن وسەرەتا وکۆتایی هەیە ماوەکەی، بەڵام ئافرەتێک سوڕی مانگانەی نەبێت ئەوا خوێنەکەی خوێنی دەمارە لە هەموو حاڵەتێکدا.

حوکمەکانی ئیستیحازە:

جیاوازیمان زانی لەنێوان خوێنی سوڕی مانگانە وخوێنی ئیستیحازە، هەرکاتێک خوێنی سوڕی مانگانە بێت ئەوا حوکمەکانی سوڕی مانگانەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، وهەرکاتێک خوێنی ئیستیحازە بێت ئەوا حوکمەکانی ئیستیحازەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

وپێشتر گرنگترین بنچینە وحوکمەکان ڕوونکرایەوە لە حوکمەکانی سوڕی مانگانە.

وسەبارەت بە حوکمەکانی ئیستیحازە ؛ حوکمەکانی وەکو حوکمی پاکبوونەوە وایە، وجیاوازی نیە لە نێوان ئافرەتی ئیسیتیحازەدار وئافرەتی پاک جگە لەم خاڵانە نەبێت:

یەکەم: واجبێتی دەستنوێژگرتن بۆ هەموو نوێژێک.چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیشی فەرموو: «پاشان دەستنوێژ بگرە بۆ هەموو نوێژێک». [ رواه البخاريّ : باب غسل الدم]مانای ئەوەیە دەستنوێژ ناگرێت بۆ ئەو نوێژانەی بە کاتەوە بەستراوەتەوە مەگەر لەپاش هاتنی کاتی نوێژەکە نەبێت.بەڵام ئەگەر نوێژەکە ماوەیەکی دیاریکراوی نەبێت وەکو نوێژە سونەتەکان ئەوا هەرکاتێک بیەوێت نوێژ بکات لەپێشی دەستنوێژ دەگرێت.

دووەم: ئەگەر بیەوێت دەستنوێژ بگرێت دەبێت پێشتر شوێنەواری خوێنەکە بشوات، وشتێک بە توندی بپێچێت لەسەر دامێنی وەکو لۆیەک بۆئەوەی خوێنەکە بوەستێت؛چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە حەمنەی فەرموو: «پێشنیار دەکەم لۆکە بەکاربهێنیت لەسەر دامێنت دایدەنێیت، و خوێنەکە لادەبات»، ووتی: لە ئەوە زیاترە، پێی فەرموو: «پارچە جلێک -پەڕۆیەک- بەکاربێنە»، ووتی: لە ئەوە زیاترە، فەرمووی: «شتێک بەتوندی ببەستەوە لەنزیک دامێنت -بۆئەوەی ڕێگر بێت لە دەرچوونی خوێن-»، هەتا کۆتایی فەرموودەکە،و لەپاش ئەمە هەرشتێکی تر دەربچێت زیانی نیە ؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە فاتیمەی کچی ئەبی حوبەیشی فەرموو:«نوێژ مەکە لە ڕۆژەکانی سوڕی مانگانە، پاشان خۆت بشۆ ودەستنوێژ بگرە بۆ هەموو نوێژێک، ئەگەرچیش دڵۆپەی خوێن بڕژێتە سەر ڕاخەرەکە» [رواه أحمد وابن ماجه].

سێیەم: جووتبوون، زانایان ناکۆکن سەبارەت بە ڕێگەپێدراوی جووتبوون لەگەڵ ئافرەتی ئیستیحازەدار ئەگەر ترس نەبێت لەوەی سەرەنجامی ناڕەحەتی هەبێت، وڕای دروست ئەوەیە بەڕەهایی ڕێگەپێدراوە ؛ چونکە زۆر ئافرەت زیاتر لە دە ڕۆژ ئیستیحازەدار بوون لەسەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وخوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ڕێگریان نەکرد لە جوتبوون لەگەڵیان،بەڵکو کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت: (فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ) واتە: (خۆتان بە دوور بگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن) [البقرة: 222] ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی واجب نیە دوورکەوتنەوە لێیان -جووت نەبوون لەگەڵیان- لە حاڵەتی تردا ؛ چونکە نوێژکردنی لەکاتی حاڵەتی ئیستیحازەداری ڕێگەپێدراوە، بۆیە حاڵەتەکانی تر حوکمەکەی ئاسانترە وەکو جووتبوون، وپێوان -قیاس- کردنی جووتبوونی لەگەڵ جووتبوون لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار ؛ ئەمە هیچ دروست نیە، چونکە تەنانەت ئەوانەیشی دەڵێن جووتبوون لەگەڵ ئافرەتی ئیستیحازەدار حەرامە ؛ ناڵێن هەردوویان وەکو یەکن، وئەم پێوانە ڕاست ودروست نیە چونکە حاڵەتەکان جیاوازن.

*

# بەشی شەشەم: زەیستانی وحوکمەکانی

نیفاس -زەیستانی- : خوێنێکە لە منداڵدانی ئافرەتەوە دەردەچێت بەهۆی منداڵبوونەوە لەکاتی منداڵبوندا یان لە دووای منداڵبون یان لە پێش منداڵبون بە ڕۆژێک یان دووڕۆژ لەگەڵ گرژبوونەوەی منداڵدان -ئازاریشی لەگەڵدایە-.

وشێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت:«ئەوەی دەیبینێت لەسەرەتای گرژبوونی منداڵدان -هەستکردن بەئازار- ئەمە زەیستانیە». ودیاری نەکرد بە دوو یان سێ ڕۆژ، ومەبەستی ئەوەیە: گرژبوون وئازارێکە کە لەپاشی منداڵبوون دێت ئەگەر نا ئەمە زەیستانی نیە، وزانایان ناکۆکن: ئایا سنووری هەیە بۆ کەمترین یان زۆرترین ماوەی بەردەوامبوونی ؟شێخ تەقی ئەلدین لە نامیلکەیەکدا بەناوی (الأسماء الّتي علّق الشارع الأحكام بها : ل 37) دەڵێت: «وزەیستانی هیچ سنوورێک نیە بۆ کەمترین وزۆرترین ماوەی، بۆیە ئەگەر ئافرەت خوێنی بینی زیاتر لە چل یان پەنجا یان شەست یان حەفتا ڕۆژ وپچڕا ئەوا ئەمە خوێنی زەیستانیە، بەڵام ئەگەر خوێنەکە هەر بەردەوام بێت ونەوەستێت ئەوا ئەمە خوێنێکی پوچەڵە -خوێنی زەیستانی نیە-، بۆیە لەم حاڵەتەدا زۆرترین ماوە چل ڕۆژە بەپێی خووی زۆرینەی ئافرەتان کە لەگێڕانەوەکاندا هاتووە».

دەڵێم- نوسەر-: بەپێی ئەم بنەمایە ئەگەر خوێنی زەیستانی لە چل ڕۆژ زیاتر بوو، وخووی وابوو کە لە پاش ئەم ماوەیە بوەستێت، یان نیشانەکانی نزیکبوونەوەی پچڕانی دەرکەوت ؛ ئەوا چاوەڕێ دەکات هەتاوەکو خوێنەکە نامێنێت ودەپچڕێت ، ئەگەر نا خۆی دەشوات لەپاش چل ڕۆژ ؛ چونکە بەپێی زۆرینەیە، مەگەر لەپاشی ڕاستەوخۆ تووشی سوڕی مانگانە بێت بۆیە دادەنیشێت هەتاوەکو ئەم حەیزەیش تەواو دەبێت، ئەگەر حەیزەکە نەما پێویستە لەپاشی ماوەیەکی دیاریکراو -عادەیەک- دابنێت بەپێی ئەوە کار بکات لەداهاتوودا، بەڵام ئەگەر خوێنەکە هەر بەردەوام بوو ئەوا لەم حاڵەتەدا ئیستیحازەدارە، دەگەڕێتەوە بۆ سەر حوکمەکانی ئیستیحازەی پێشوو،وئەگەر بە پچڕانی خوێنەکە ؛ پاک بوویەوە ئەوا تەواو پاکبووەتەوە ئەگەرچیش لەپێش چل ڕۆژ بێت، بۆیە خۆی دەشوات ودەستنوێژ دەگرێت ونوێژە دەکات وڕۆژوو دەگرێت ومێردەکەی لەگەڵی جووت دەبێت، مەگەر پچڕانەکە لە ماوەی ڕۆژێک کەمتر بێت؛ لەم حاڵەتەدا هیچ حوکمێک بەسەریدا نادرێت، ئەمە ڕای دانەری (المغني)یە.

ئەو کاتە جێگیر دەبێت کە خوێنی زەیستانیە ئەگەر کۆرپەلە بووەکەی ؛ ڕوون بێت کە شێوەی مرۆڤە، بەڵام ئەگەر زۆر بچووک و ڕوون نیە شێوەی مرۆڤە ئەوا ئەمە خوێنی زەیستانی نیە، بەڵکو خوێنی دەمارە، بۆیە حوکمی ئافرەتی ئیستیحازەداری هەیە، وکەمترین ماوە بۆئەوەی شێوەی مرۆڤ ڕوون بێتەوە لەسەر کۆرپەلە ؛ هەشتا ڕۆژە لەسەرەتای سکپڕبوونەوە، وزۆرترین ماوە نەوەد ڕۆژە.

ئەلمەجد ئیبن تەیمە دەڵێت: (دەبێت گوێ نەدات بەو خوێنەی کە یەک ڕۆژ دێت و گرژبوونی منداڵدانی -ئازاری- لەگەڵدایە -پێش منداڵبوون- [نابێت بەهۆی ئەمەوە واز لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن بهێنێت]، بەڵام ئەگەر لەپاش منداڵبوون خوێنەکەی بینی نابێت نوێژ بکات وڕۆژوو بگرێت، پاشان ئەگەر بابەتەکە ڕوون بوویەوە لەپاش منداڵبوون کە بەپێچەوانەی ئەوەیە کە دیارە دەبێت حاڵی خۆی چاک بکات لەڕوانگەی نوێژکردن وڕۆژووگرتنەوە، وئەگەر بابەتەکە ڕوون نەبوویەوە ئەوا لەسەر حوکمی ئاشکرا ودیار بەردەوام دەبێت ودووبارەیان ناکاتەوە). [لە ئەوەوە گێڕاویەتیەوە لە : شرح الإقناع]

حوکمەکانی زەیستانی -نیفاس-:

حوکمەکانی زەیستانی هەروەکو حوکمەکانی سوڕی مانگانە -حەیز- وایە ، جگە لەم خاڵانە نەبێت:

یەکەم: ماوەی چاوەڕوانی -عیدە- حیسابکردنی دەبەسترێتەوە بە تەڵاقدان نەک بەماوەی زەیستانی؛ چونکە ئەگەر تەڵاقەکە لەپێش منداڵبوونەکە بێت ئەوا ماوەی چاوەڕوانیەکە تەواو دەبێت بەبوونی منداڵەکە نەک بە دەستپێکردنی زەیستانی، وئەگەر تەڵاقدانەکە لەپاش منداڵبوونەکە بێت ئەوا چاوەڕێ دەکات هەتاوەکو سوڕی مانگانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی.

دووەم: ماوەی -ئیلائـ:إيلاء- ؛ ماوەی سوڕی مانگانە دەیگرێتەوە، بەپێچەوانەی ماوەی زەیستانی نایگرێتەوە.

وئیلائـ : بریتیە لەوەی پیاو سوێند بخوات لەسەر وازهێنان لە جووتبون لەگەڵ خێزانەکەی هەتاهەتایە یان بۆ ماوەیەک زیاتر لە چوار مانگ، ئەگەر سوێندی خوارد وپاشان ئافرەتەکە داوای جووتبونی لێکرد ، دەبێت ماوەی چوار مانگی پێبدرێت لەو کاتەوەی سوێندی خواردووە، ئەگەر ماوەکە تەواو بوو ؛ ناچار دەبێت بەوەی جووت بێت لەگەڵی یان لێی جیا بێتەوە بەداواکاری ئافرەتەکە، ئەگەر لەم ماوەیەدا ئافرەت لە زەیستانیدا بێت بۆ مێردەکەی حسێب ناکرێت، وچوار مانگی بۆ سەر زیاد دەکرێت، بەپێچەوانەی سوڕی مانگانەوە کە ماوەکە بۆ مێردەکە حسێب دەکرێت.

سێیەم: باڵغ بوون: بەدەستپێکردنی سوڕی مانگانە ڕوودەدات نەک بە زەیستانی، چونکە ناکرێت ئافرەت تووشی زەیستانی بێت هەتاوەکو خوێنی سوڕی مانگانەی لێوە دەردەچێت، بۆیە بەم خوێن دەرچوونە باڵغ بووە کە پێش سکپڕبوون دەکەوێت.

چوارەم: خوێنی سوڕی مانگانە ئەگەر بپچڕێت پاشان بگەڕێتەوە زۆرجار خوێنی سوڕی مانگانەیە بەدڵنیاییەوە، بۆ نمونە ئەگەر سوڕی مانگانەکەی هەشت ڕۆژ بێت، وخوێن ببینێت چوار ڕۆژ، پاشان دوو ڕۆژ بپچڕێت، پاشان لە ڕۆژی حەوتەم وهەشتەم بگەڕێتەوە، ئەوا ئەم خوێنە گەڕاوەیە سوڕی مانگانەیە بەدڵنیاییەوە وحوکمەکانی حەیزی بەسەردا جێبەجێ دەبێت،وسەبارەت بە خوێنی زەیستانی ئەگەر پێش چل ڕۆژ بپچڕێت پاشان بگەڕێتەوە ئەمە جێی گومانە ؛ بۆیە واجبە لەسەری نوێژی فەرز بکات ورۆژووي فەرز بگرێت لەکاتەکانی خۆیاندا، وحەرامە لەسەری ئەو شتانەی حەرامە لەسەر ئافرەتی حەیزدار جگە لە واجبەکان نەبێت، وپاش پاکبوونەوەی واجبە لەسەری قەزای بکاتەوە ئەو شتانەی لەدەستی چووە لەم خوێنەدا هەروەکو چۆن واجبە لەسەر ئافرەتی حەیزدار، ئەمە بەناوبانگترین ڕایە لەلای فەقیهە حەنبەلیەکان.

وڕای دروست ئەوەیە: ئەگەر خوێن بەردەوام بێت لە ماوەی زەیستانی ؛ ئەوە خوێنی زەیستانیە، ئەگەر نا خوێنی سوڕی مانگانەیە مەگەر بەردەوام بێت لەگەڵی لەم حاڵەتەدا خوێنی ئیستیحازەیە.

وئەمە نزیکە لەوەی کە دانەری (المغني) گێڕاویەتیەوە لە ئیمام مالیکەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، کە دەڵێت: مالیک وتوویەتی:«ئەگەر خوێنی بینی لە پاش دوو یان سێ ڕۆژ -لەپاش پچڕانی- ئەوا ئەمە خوێنی زەیستانیە ئەگەر نا خوێنی حەیزە».ئەمیش بژاردەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیەیە -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

وبەپێی واقیع، هیچ شتێک سەبارەت بە خوێنەکان جێی گومان نیە، بەڵام گومان شتێکی ڕێژەییە کە خەڵکی تێیدا ناکۆکن بەپێی زانست وتێگەیشتنیان، وقورئان وسونەت ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکیان تێدایە، وخوای گەورە -سبحانە وتعالى- واجبی نەکردووە لەسەر هیچ یەکێک کە دوو جار ڕۆژووی ڕۆژێک بگرێتەوە، یان دوو جار تەواف بکاتەوە، مەگەر لە یەکەمیاندا کەموکورتی هەبێت وتەنها بە قەزاکردنەوەی باش دەبێت، سەبارەت بە کردەوەی بەندە هێندەی توانایەتی لەوەی پێی سپێردراوە لە تەکلیفە شەرعیەکان ؛ ئەگەر شتێک بەدەر لەتوانای بێت ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نیە،کما قال تعالى: {لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا} [البقرة:286]، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (لا يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا) واتە: (خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک مەگەر بە قەدەر توانایی خۆی نەبێت) [البقرة:286]،وقال: {فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ } [التغابن:16]. وپەروەردگار دەفەرموێت: (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ) واتە: (کەوابوو هەتا دەتوانن بەتەقوا و خواناس بن) [التغابن:16].

جیاوازی پێنجەم لەنێوان سوڕی مانگانە وزەیستانی: لە سوڕی مانگانە ئەگەر پاک بوویەوە لەپێش ماوەی دیاریکراوی خۆی ؛ ڕێگەپێدراوە مێردەکەی لەگەڵی جوت بێت، بەڵام لە زەیستانیدا ئەگەر پاک بوویەوە پێش چل ڕۆژ مەکروهە مێردەکەی لەگەڵی جووت بێت بەپێی بەناوبانگترین ڕا لە مەزهەبەدا، وڕای دروست ئەوەیە مەکروهیەتی تێدا نیە،وئەمیش قسەی زۆرینەی زانایانە؛ چونکە مەکروهیەت حوکمێکی شەرعی ودەبێت بەڵگەیەکی شەرعی لەگەڵدا بێت.ولەم مەسەلەیەدا هیچ شتێک نیە جگە لەوەی ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە عوسمانی کوڕی ئەبی عاس کە خێزانەکەی هات بۆ لای ، ئەویش (عوسمان) وتی: لێم نزیک مەبەرەوە.وئەمە مانای ئەوە نییە کە مەکروهە؛ چونکە لەوەیە ڕوانگەی ئیحتیات وترسەوە بێت کە دڵنیا نیە لەوەی پاکبووەتەوە، یان خوێن بجوڵێت بەهۆی جوتبوونەوە، یان بەهۆی هۆکاری تر، وخوای گەورە زاناترە.

*

# بەشی حەوتەم: بەکارهێنانی ئەو شتانەی دەبنە ڕێگر لەتووشبون بە سوڕی مانگانە یان هێنانی، وبەکارهێنانی ئەو شتانەی دەبنە هۆی ڕێگر لە منداڵبوون یان لەباربردنی منداڵ

ڕێگەپێدراوە ئافرەت ئەو شتانە بەکاربهێنێت کە دەبنە ڕێگر لە هاتنی سووڕی مانگانە بە دوو مەرج:

یەکەم: دەبێت مەترسی هیچ زیانێکی بۆ نەبێت، ئەگەر زیانی تێدا بێت بۆ ئافرەتەکە ئەوا ڕێگەپێدراو نیە؛لقوله تعالى: {وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ } [البقرة:195]، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ) واتە: (خۆتان بەرەو تیاچوون مەبەن (چونکە ڕەزیلی و دەست نوقاوی مایەی تیاچوونە)) [البقرة:195]،{وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا } [النساء:29]. وهەروەها دەفەرموێت: (وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا) واتە: (خۆتان مەکوژن و (یەکتر بەناحەق مەکوژن، کاتێک بێزاریی و بێتاقەتی ڕووتان تێدەکات یان تووشی زیانێک دەبن)، بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان) [النساء:29].

دووەم: دەبێت بەکارهێنانیان لەپاش ئیزن وەرگرتن بێت لە مێردەکەی ئەگەر بەکارهێنانەکە پەیوەندی بە مێرەکەوە هەبێت وەکو ئەوەی لەماوەی چاوەڕوانیدا بێت کە پیاوەکە واجبە لەسەری خەرجیەکانی بۆ دابین بکات، ئەویش ئەو شتانە بەکاردەهێنێت کە ڕێگر دەبێت لە سوڕی مانگانە بۆئەوەی ماوەکە زیاتر بێت وخەرجی زیاتر بکات ؛ ئەم بەکارهێنانە ڕێگەپێدراو نییە بۆ ڕێگرتن لەسوڕی مانگانە مەگەر پاش ئیزنی مێردەکە،وهەروەها کە سەلمێنرا ئەمە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە سکپڕبوون دەبێت بەهەمان شێوە ئیزن لە مێردەکە وەربگرێت، وئەگەر جێگیر بوو کە ڕێگەپێدراوە بەڵام باشتر وایە بەکارنەهێنرێت مەگەر بەهۆی پێویستیەکی زۆرەوە ؛ چونکە وازهێنان لەشتەکان لەسەر سروشتی خۆیان باشترە بۆ سەلامەتی وتەندروست باشی.

بەڵام سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو شتانەی دەبنە هۆی هێنانی -چالاککردنی- سوڕی مانگانە ؛ ڕێگەپێدراوە بە دوو مەرج:

یەکەم: نەبێتە هۆی خۆ دەربازکردن لە جێبەجێکردنی واجب، وەکو ئەوەی لە نزیک ڕەمەزان بەکاریبهێنێت، بۆئەوەی ڕۆژوو نەگرێت ونوێژ نەکات وبەو شێوەیە.

دووەم: بە ئیزنی مێردەکەی بێت ؛ چونکە سوڕی مانگانە دەبێتە هۆی بێبەشبوون لە چێژوەرگرتنی کامڵ، بۆیە بەکارهێنانی شتێک ڕێگەپێدراو نییە کە ببێتە هۆی بێبەشکردنی لە مافەکانی مەگەر پاش ئیزنی خۆی، وئەگەر تەڵاقدراو بێت، بەکارهێنانی دەبێتە هۆی پەلەکردن لەوەی مێرد دەست لە مافەکانی هەڵبگرێت بۆئەوەی بیگەڕێنێتەوە، کاتێک تەڵاقەکە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی تێدا بێت.

وسەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو شتانەی دەبنە ڕێگر لەپێش سکپڕبوون ئەمە دوو جۆرە:

یەکەم: ئەوەی دەبێتە هۆی ڕێگرییەکی هەمیشەیی ئەمە ڕێگەپێدراو نییە چونکە دەبێتە هۆی نەمانی نەوە، وئەمیش پێچەوانەی مەبەستی شەریعەتە لە زۆربوونی ئومەتی ئیسلام؛ هیچ دڵنیا نیە لەوەی هەموو منداڵەکانی بمرن وبە بێوەژنی بەتەنها بمێنێتەوە بێ منداڵ.

دووەم: بەشێوەیەکی کاتی ڕێگر بێت لەسکپڕبوون، وەکو ئەوەی زۆر سکی بێت، وئەمە ببێتە هۆی زۆر ناڕەحەت کردنی، بۆیە دەیەوێت سکپڕبوونی ڕێک بخات وەکو ئەوەی دوو ساڵ جارێک منداڵی ببێت یان هاوشێوەی ئەمە، ئەمە ڕێگەپێدراوە، بەمەرجێک لەپاش ڕوخسەتی مێردەکەی بێت، وهیچ زیانێکی بۆی نەبێت،وبەڵگەش لەسەر ئەمە هاوەڵان عەزلیان دەکرد لەسەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی خێزانەکانیان سکیان نەبێت، نەهیان لێنەکرا لەم کارە، وعەزل بریتیە لەوەی لەکاتی دەرچوونی مەنیەکە لە دەرەوەی ئەندامی زاوزێی خێزانەکەی فڕێی بدات.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەو شتانەی دەبنە هۆی لەباربردنی کۆرپەلە ، ئەمیش لەسەر دوو جۆرە:

یەکەم: مەبەستی لەباربردنی بۆ لەناوبردنی بێت، ئەمە ئەگەر لەپاش ئەوە بێت کە ڕۆح کراوە بەبەری؛ حەرامە، بەبێ گومان ؛ چونکە کوشتنی نەفسێکە کە خوا حەرامی کردووە کوشتنی، وکوشتنی ئەم نەفسە حەرامە بەپێی قورئان وسونەت ویەکدەنگی زانایان،وئەگەر لەپێش ڕۆح بەبەردا کردنی بێت ؛ زانایان ناکۆکن سەبارەت بە ڕێگەپێدانی، تێیاندایە قەدەغەی کردووە، وتێیاندایە دەڵێت: ڕێگەپێدراوە ئەگەر نەبووبێت بە عەلەقەیەک -پارچە خوێنێکی هەڵواسراو-، واتا ئەگەر چل ڕۆژ بەسەر دروستکردنیدا تێپەڕ نەبووبێت، وتێیاندایە دەڵێت: ڕێگەپێدراوە ئەگەر شێوەی مرۆڤ بوونی تێدا نەبێت.

وباشتر وایە لەباری نەبات مەگەر بەهۆی پێویستیەکی زۆرەوە وەکو ئەوەی نەخۆش بێت ونەتوانێت ئارام بگرێت لەسەر ئەم سکە یان هاوشێوەی ئەم حاڵەتە، لەم حاڵەتەدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام ئەگەر ماوەیەک بەسەر سکەکەی تێپەڕبوو کە ڕوونە شێوەی مرۆڤی پێوە دیارە؛ ئەوا لە حاڵەتەدا قەدەغەکراوە، وخودا زاناترە.

دووەم: مەبەستی لەناوبردنی نەبێت بەڵکو مەبەستی لە لەباربردنی -لە سک دەرکردنی- کۆرپەلەکە بۆئەوە بێت زوو منداڵەکەی ببێت وماوەی سکپڕبوونەکەی کۆتایی بێت ؛ ئەمە ڕێگەپێدراوە، بەمەرجێک زیانی بۆ دایکەکە وکۆرپەلەکە نەبێت، وکارەکە پێویستی بە نەشتەرگەری نەبێت، ئەگەر پێویستی بە نەشتەرگەری هەبێت ئەمە لەسەر چوار حاڵەتە:

یەکەم: دایک وکۆرپەلەکە زیندوو بن، لەم حاڵەتەدا نەشتەرگەری ڕێگەپێدراو نییە مەگەر بەهۆی پێویستیەکی زۆرەوە، وەکو ئەوەی منداڵبوونەکەی ناڕەحەت بێت وپێویستی بە نەشتەرگەری هەبێت، چونکە لاشە ئەمانەتە لای بەندە، بۆیە ناتوانێت بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی پێوە بکات کە زیانێکی گەورەی تێدا بێت مەگەر بەهۆی پێویستیەکی زۆرەوە؛ چونکە لەوەیە پێی وابێت بەهۆی نەشتەرگەری تووشی زیان نابێت بەڵام هەر تووشی دەبێت.

دووەم: ئەگەر دایکەکە وکۆرپەلەکە مردوو بن، لەم حاڵەتەدا نەشتەرگەری ڕێگەپێدراو نییە بۆ دەرهێنانی چونکە هیچ سوودێکی نیە.

سێیەم: دایکەکە زیندوو بێت وکۆرپەلەکە مردوو بێت، لەم حاڵەتەدا نەشتەرگەری ڕێگەپێدراوە بۆ دەرهێنانی کۆرپەلەکە، مەگەر مەترسی زیانێک هەبێت بۆ سەر ئافرەتەکە ؛ چونکە وادیارە -وخودا زاناترە- کە کۆرپەلە ئەگەر بمرێت لە سکی دایکیدا ئەوا دەرناکرێت مەگەر بە نەشتەرگەری نەبێت، بۆیە مانەوەی لە سکی دایکی دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە منداڵبوون لە داهاتوودا، وناڕەحەتیە لەسەر ئافرەتەکە، ولەوەیە ڕۆژانێکی زیاتر بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی هاوسەری هەبێت ئەگەر لە ماوەی چاوەڕوانیدا بێت پاش ئەوەی مێردی پێشووی تەڵاقی دا.

چوارەم: ئەگەر دایکەکە مردوو بێت وکۆرپەلەکە زیندوو بێت، ئەگەر هیوا نەبێت بەوەی کۆرپەلەکە زیندووە ئەوا نەشتەرگەریەکە ڕێگەپێدراو نیە. وئەگەر هیوا هەبێت بەوەی زیندووە، ئەگەر هەندێک بەشی لاشەی دەرچوو بێت ئەوا بەشێکی تری لاشەی دایکەکە دەبڕدرێت بۆ دەرکردنی، وئەگەر هیچ بەشێکی لاشەی کۆرپەلەکە دەرنەچوو بێت ، زانایانمان -ڕەحمەتی خوایان لێبێت- دەڵێن: سکی دایکەکە نابڕن بۆئەوەی کۆرپەلەکە دەربکەن؛ چونکە ئەمە شێواندنی لاشەی مردووە، وڕای دروست ئەوەیە سکی دایکەکە ببڕدرێت ئەگەر هیچ ڕێگایەک نەبێت بۆ دەرهێنانی کۆرپەلەکە مەگەر بەم ڕێگایە.وئەمە بژاردەی ئیبن هوبەیرەیە لە (الإنصاف) دەڵێت: وباشتر وایە ئەمە بکرێت.

دەڵێم: بەتایبەت لەم کاتەی ئێستادا، چونکە کردنی نەشتەرگەری نابێتە هۆی شێواندنی لاشە؛ چونکە سکی ئافرەتەکە دەبڕدرێت پاشان تیمار دەکرێتەوە، وپاراستنی زیندوو لەپێشەوەی پاراستنی مردووە ؛ وڕزگارکردنی ڕۆح لە تیاچوون واجبە، وکۆرپەلەی سکی دایک مرۆڤە وپارێزراوە ومافی خۆی هەیە، بۆیە واجبە ڕزگار بکرێت.وخودا زاناترە.

تێبینی: لەو حاڵەتانەی کە ڕێگەپێدراوە کۆرپەلە لەبار ببرێت دەبێت لەپاش ئیزنی مێردەکەبێت.

ولێرەدا تەواو بوو ئەوەی ویستمان بینووسین لەم بابەتە گرنگەدا، وجەختمان کردەوە لەسەر پوختکردنەوەی بنچینەی مەسەلەکان وڕێکخستنیان وبەشەکانیان وئەوەی ڕوودەدات لای ئافرەتان زۆر زۆرە وەکو دەریا سنووری نیە،بەڵام کەسی چاوڕۆشن دەتوانێت لق وبەشەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سەر بنچینەکان وبابەت وڕێکخستە گشتیەکان، وشتەکان بە هاونمونەکانیان دەپێوێت.

ودەبێت موفتی -فتوادەر- بزانێت کە ئەو نێوەندە لەنێوان الله وخوڵقێنراوەکانی لە گەیاندنی ئەوەی پەیامبەرانی پێی هاتوون، وڕوونکردنەوەیان بۆ خەڵکی، وئەو بەرپرسیارە لەوەی لە قورئان وسونەتدا هاتوون، چونکە هەردوویان دوو سەرچاوەن کە ئەرکە لەسەر بەندەکان تێیان بگەن، وکردەوەیان پێبکەن،وهەرشتێک پێچەوانەی قورئان وسونەت بێت ؛ هەڵەیە، و واجبە خاوەنی ڕەدی بدرێتەوە، ونابێت کردەوە بە قسەکەی بکرێت، وئەگەر لەوانە بێت کە ئیجتیهادی کردووە ئەوا پاداشت دەدرێتەوە لەسەر کۆششکردنی بۆ پێکانی هەق، بەڵام نابێت بۆ کەسێکی زانا ئەم بۆچوونە قبوڵ بکات وشوێنی بکەوێت ئەگەر بزانێت هەڵەیە.

و واجبە لەسەر موفتی نیەتی بەدڵسۆزی بۆ خوای گەورە بێت -سبحانه وتعالى-، وداوای یارمەتی و بەهاناوە هاتن تەنها لە ئەو بکات لە هەرشتێک تووشی دەبێت، وداوای دامەزراندن وجێگیربوون وسەرکەوتن تەنها لە ئەو بکات.

و واجبە بەسەرەکی گرنگی بدات بەوەی لە قورئان وسونەتدا هاتووە، ودەخوێنێتەوە ودەگەڕێت لەنێو قسەی زانایان بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان.

وزۆر مەسەلە هەیە، کە مرۆڤ بەدوایدا دەگەڕێت لەنێو قسەی زانایان هێندەی بتوانێت، بەڵام شتێک نادۆزێتەوە جێی دڵنیایی بێت، ولەوەیە باسکردنیشی هەر نەدۆزێتەوە،بەڵام ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ قورئان وسونەت ئەوا حوکمەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە بەنزیکی وئاشکرایی، وئەمیش بەپێی دڵسۆزی وزانست وتێگەیشتنی.

و واجبە لەسەر موفتی لەکاتی ناڕوونی لەسەرخۆ بێت وپەلە نەکات لە حوکمدان، چەند حوکمدان هەیە کە پەلەی تێدا کرا پاش ماوەی نزیک ڕوون بوویەوە کە هەڵەی کردووە، بۆیە پەشیمان دەبێتەوە لەسەر ئەم قسەیە، ولەوەیە نەتوانێت ئەوەی فتوای لەسەری داوە قەرەبووی بکاتەوە!

وئەگەر خەڵکی بزانن موفتی لەسەرخۆیە وجێگیرە وئەوا متمانەیان بە قسەکانی هەیە وبەهەند وەریدەگرن، وئەگەر ببینن بەپەلەیە، وئەوەی پەلە دەکات زۆر هەڵە دەکات، ئەوا متمانەی نابێت لەلایان لەو شتانەی فەتوای لەسەر دەدات، بۆیە بەم پەلە وهەڵە کردنەی خۆی وخەڵکانێکی زۆری بێبەشکرد لە زانست وپێکانی هەق.

داواکارین خوای گەورە هیدایەتی ئێمە وبرایانی مسوڵمانمان بدات بۆ ڕێبازی ڕاست، وبمانپارێزێت لە کەوتن وتیاچوون بەپاراستنی خۆی، ئەو سەخی وبەخشندەیە، وصلّى الله وسلّم على نبيّنا محمدٍ، وعلى آلـه وصحبـه أجمعين. والحمد لله الذي بنعمتـه تتـمّ الصالحات

به پێنووسی هەژار بۆ لای پەروەردگار

موحەمەد ساڵح ئەلعوسەیمین

لە چێشتەنگاوی ڕۆژی جومعە

14 شەعبان 1395 ك

*

نامیلکەیەک سەبارەت بە جۆرەکانی خوێنی سروشتی ئافرەتان
بەشی یەکەم: مانای سوڕی مانگانە -حەیز- وحیکمەتی.
بەشی دووەم: کات وماوەی سوڕی مانگانە.
- بەشی سێیەم: گۆڕانکاری نا نائاسایی لە سوڕی مانگانە.
بەشی چوارەم: حوکمەکانی سوڕی مانگانە -حەیز-
بەشی پێنجەم: ئیستیحازە وحوکمەکانی
بەشی شەشەم: زەیستانی وحوکمەکانی
بەشی حەوتەم: بەکارهێنانی ئەو شتانەی دەبنە ڕێگر لەتووشبون بە سوڕی مانگانە یان هێنانی، وبەکارهێنانی ئەو شتانەی دەبنە هۆی ڕێگر لە مندالْبوون یان لەباربردنی مندالْ